# نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەو لە کوردستان سەریهەڵداوەو هەر لە کوردستانیشەوە بەهەموو دنیادا بڵاوبۆتەوە


# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامـەوانیی گشـتیی ئـازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٣٧) چوارشەممە،
مارتی ٢٠١٠/٣/١٧ زایینی
بەرانبەر بە رەشەمێی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## نەورۆز کرا بە جەژنێکی جیهانی

ئەمرۆ ٢٠١٠/٣/١٧ کاتژمێر (٦)ی ئێوارە، لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی کۆڕێک بۆ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن بەناونیشانی "بەجیهانیکردنی جەژنی نەورۆزو لەبیرکردنی میللەتی کورد" کە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سەنتەری رووناکبیری فەرەنسی رێکدەخرێت.

## TO THE UN WITH RESPECT

Congratulations for making Nawroz Feast an international Feast. But we as a Kurdish nation, are historically the owners of Nawroz as proven by studies, Nawroz is as Kurdistani Feast. We request respectfully, that you take into account the following points because we as academic researchers bring them to your attention:

1- The name of the people and government of Kurdistan should be included in the request for making Nawroz an international Kurdish feast, and add Kurdistan to the countries you have already mentioned in your 71stMeeting (P.M .) dated 23 February 2010.

2- The formation of a specialized committee working on the Kurdishness of this Feast and Kurdish researchers should be included into this committee.

3- Recognition that Nawroz appeared in Kurdistan and from there to the world and it is more than 10.000 years old, going back to the days of the cave agriculture stage and the epic of Tammuz & Ishtar.

4- We think that it is up to you as a legal, historical, scientific, responsibility to describe this Feast correctly and to rectify the error made in the identification of Nawroz.

**Best Regards**
**Dr. Mawlud I. Hassan**
**University of Salahadddin-Erbil**
**Erbil - 5/3/2010**



## نەورۆز

**پیرەمێرد**

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە، بەخۆشی بەهاتەوە

چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە، پێ پەست بوو، تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو، گوڵی ئاڵی نێو بەهار

ئەو رەنگە سوورە بوو، کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی، بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو، ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون، بەرەو پیری مەرگەوە

ئەوا رۆژ هەڵات، لە بەندەری بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە، بە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستا، رووینەداوە لە تائریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە، سینگی کچان بێ، لە هەڵمەتا

پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن، شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میللەتا ئەژین

ژمارە (١٣٧) مارتی ٢٠١٠/٣/١٧ زایینی
ڕەشەمێی ٩ ٢٧٠٩ی کوردی

# بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

## بابەت: بەجیهانی کردنی جەژنی نەورۆز و لەبیرکردنی میللەتی کورد



ئاگری نەورۆز ... ئاگری هەمیشە گەش

**سڵاو...**

**بەڕێزان،** لەم ڕۆژانەی رابردوو دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستان هەواڵی ئەمەیان بڵاوکردەوە، کە بەڕێز کۆمەڵەکەتان (کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" بڕیاری بەجیهانی کردنی جەژنی نەورۆزی داوەو لەم ساڵەوە "٢٠١٠"وە ئیتر ساڵانە جەژنی نەورۆز وەک جەژنێکی جیهانی پێشوازی لێ دەکرێ. لە کاتێکدا لە دڵەوە پیرۆزبایی ئەم کارە گرنگ و پیرۆزەتان لێ دەکەین و دەڵێین: بەڕاستی جەژنی نەورۆز بەم مێژووە دوور و درێژەی کە هەیەتی کە کۆنترین جەژنی ناسراو و بەردەوامی مرۆڤایەتییە. هەروەها بەهۆی ڕێوڕەسمە پڕ لە ئاشتی و برایەتی و مرۆڤایەتییەکەی هی ئەوەیە کە ببێتە جەژنێکی جیهانی و هەموو مرۆڤایەتی لەم ڕۆژەدا هاوبەشی خۆشییەکانی ئەم جەژنە بکات.

**بەڕێزان،** بەڵام ئەوەی جێگای داخە، نازانرێ لەسەر بنەمای چ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مێژوویی ئەم بڕیارە دراوەو هەروەها بە ئاسانی "نووسیوتانە "فێستیڤاڵێکی بەهارییەو سەرچاوەکەی ئێرانی- فارسییە" ئەوەی ڕاستی بێ میللەتی فارسیش ئەم جەژنەی لە کورد وەرگرتووە. ئەم بڕیارە گرنگ و گەورەیە وادیارە زۆر بە تەواوی لێی نەکۆڵدراوەتەوە، دەنا حەقیقەتی مێژوویی ئەم جەژنە بزر نییەو ساغ بووەتەوە. ئەم جەژنە نە "سەرچاوەکەی فارسییە" و نە "تەمەنی سێ هەزار ساڵە" بەڵکە سەرچاوەکەی لە داستانی "تەمموز و عەشتار"ەوەیەو تەمموز و عەشتاریش ریشەکەی بۆ باپیرانی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوەو تەمەنەکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی "کشتوکاڵی ئەشکەوت"ەکە بۆ "١٥ تا ١٢" هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. زۆر پێش زەمەنی چوونە خوارەوەی عێراقی ئەمڕۆی سۆمەرییەکانە، چونکە ئەوە ساغ بووەتەوە سۆمەرییەکان لە کوردستانەوە چوونەتە خوارەوەو ئەوەتا "ئینسکلۆپیدیای بەریتانی" لەبارەی دروستکردنی شاری "هەولێر- ئەربیل"دەنووسێ": شارێکە باپیرانی سۆمەرییەکان دروستیان کردووە"، هەر ئەو سۆمەرییانەش کە چوونەتە خوارەوە، ئایین و داب و نەریت و شارستانیەتی خۆیان لەگەڵ خۆیان بردووە!

یەک لەو ڕێوڕەسمانەی کە ساڵانە پەیڕەویان کردووە، ڕێوڕەسمی پێشوازی جەژنی زیندووبوونەوەی "تەمموز و عەشتار" بووە کە ڕێک لە ڕۆژی ١/نەورۆزی سەری ساڵی ئێستای کوردی و ٣/٢١ ساڵی زایینی ئێستایەو ئەم سەری ساڵی کوردییەش هەمان سەری ساڵی سۆمەرییەکانە، جگە لەوەی شوێنی سەرهەڵدانی داستانی "تەمموز و عەشتار" کوردستانی ئەمڕۆیەو ڕۆژی جەژنەکەش هەمان ڕۆژە، ئەو ڕێوڕەسمی نەورۆزکردنەیش لە کوردستان، هەر ئەو ڕێوڕەسمەیە کە سۆمەرییەکان پەیڕەویان کردووە، ئەوەتا لێکۆڵەری شوێنەوارناس "هینری فرانکفۆرت" لە ساڵی ١٩٣٠دا بەچاوی خۆی لە شاری موسڵ لە شەوی نەورۆز یاری کرێکارە کوردەکانی بینیوەو سەرنجی ڕاکێشاوەو دواتر لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە بەناوی "تقوسی تەمموزی لە کوردستان- Tamuz rituals Kurdistan" لەم لێکۆڵینەوەیەدا زانستیانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کوردەکان لە نەورۆزدا بەهەمان شێوە پێشوازی دەکەن کە سۆمەرییەکان پێشوازیان لە جەژنی "زگمەک" دەکرد کە جەژنی زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتارە، هەمان ئەو ڕۆژو ئەم جەژنەیە کە ئێستا پێی دەگوترێ "نەورۆز".

**بەڕێزان.** ئێمە وەک لێکۆڵەرێکی کورد، بەناوی زیاتر لە "چل ملیۆن" کورد گلەیی ئەوەتان لێ دەکەین کە لەم بڕیارەدا میللەتی کوردتان پشتگوێ خستووەو مێژوو و جەژنە کۆنەکەشتان داوە بە میللەتی فارس و مۆری پشتگیریتان بۆ لێداون. ئەمەش کارێکە لەگەڵ حەقیقەتی مێژوویی زانستی یاسایی مافی میللەتان ناگونجێ، ئەگەر کورد تا ئێستا دەوڵەتی نییەو ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ بەم جۆرە کارانە ڕاناگات، ئەوا ئێوە کۆمەڵەکەتان، "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" نەدەبووا ئەم ناحەقییە لەگەڵ زیاتر لە چل ملیۆن کورد بکات، ئەگەر برا دراوسێ و هاوئایینەکانمان خاکیان داگیر کردووین، ئەوا ئێوە وەک کۆمەڵەیەکی جیهانی و خاوەن بڕیار "جەژن و مێژوو"ەکەشمان بەداگیرکردن دەدەن و بەڕەسمیش پشتگیری ئەم داگیرکردنە دەکەن و دەیکەن بە ڕۆژێکی جیهانی، بەڕاستی ئەم کارەتان تەواو لەگەڵ پەیامی کۆمەڵەکەتان ناکۆکە، ئەگەر ڕێز لەجەژنی نەورۆز دەگرن! دەبێ ڕێز لەو خاک و نەتەوەیەش بگرن، کە ئەم جەژنە لە خاکەکەیان سەری هەڵداوەو نەتەوەکەیان پاراستوویەتی و هەر لەم کوردستانەش بەدنیادا بڵاوبووەتەوە.

**بەڕێزان.** ئەگەر ئەمڕۆ جەژنی سەری ساڵی زایینی لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێ! ئەوا دەشێ شوێنی سەرهەڵدان و میللەت و ئایینی سەرهەڵدانی بشێوێنرێ؟؟ ئەگەر ئەمڕۆ موسڵمانان لە هەموو جیهان جەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا بە جەژن دەگرن!! دەکرێ ساڵ و شوێن و کەسایەتی ئەم جەژنە بدرێن بە کەسان و میللەتی دی.

**بەڕێزان.** ئێوە لە دەرکردنی ئەم بڕیارە گرنگە خاک و میللەتی ئەم جەژنەتان لەبیرکردووە! کە خاکەکەی "کوردستان"ەو میللەتەکەشی میللەتی "کورد"ە، دەبووایە مێژووی میللەتی نەورۆز بخوێننەوەو سەرێک بە ئەشکەوتی "شانەدەر"دا بگرن، ئەو شانەدەرەی کە لێکۆڵەری شوێنەوارناسی "سۆلکی" دەنووسێ: هەموو شارستانییەتێک لە دەرگای ئەم ئەشکەوتە هاتووتە دەرەوە. (هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤایەتی! بەڵێ :"مرۆڤایەتی" ئێوە کتێبی "مهد البشریە"تان نەخوێندووتەوە، یان ئەوەتە خوێندووتانەوە و لەبیرتان کردووە!؟

جەژنی "زگمەک- نەورۆز" لەسەردەستی باپیرانی سۆمەرییەکان سەری هەڵداوەو لای سۆمەرییەکان جەژنێکی ئایینی نەتەوەیی بووەو دواجار "زەردەشت پێغەمبەر" ئەم ڕۆژە واتە ١/نەورۆز و سەری ساڵ، کە هەمان سەری ساڵی سۆمەرییە دەکات بە جەژنێکی ئایینی و هەر ساسانییەکانیش ئەم جەژنە دەکەن بە جەژنێکی فەرمی دەوڵەتی "ئایینی، ئەم قۆناغانەی جەژنی نەورۆز هەمووی لە کوردستان بووەو سۆمەرییەکان میدییەکان و ساسانییەکانیش هەریەکەیان بەپێی مێژوو بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و مێژوویی میللەتی کورد.

**بەڕێزان.** لەوەی کە ئێستا زۆر میللەت و زۆر وڵات جەژنی نەورۆز پیرۆز ڕادەگرن، ئەوە کارێکی ئاساییە، چۆن زۆر بۆنەو جەژنی نەتەوەیی و ناوچەیی هەن ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێن و پێشوازی لێ دەکرێن، بەڵام هیچ یەک لەم جەژنانە وەک جەژنی نەورۆز پێناسەی نەشێوێندراوە، شێواندنیش لەلایەن کێ؟ لەلایەن "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" هەر بۆیە بەناوی زیاتر لە چل ملیۆن مرۆڤ، مرۆڤی کوردی بێ دەوڵەت! داواتان لێدەکەم و تکاتان لێدەکەم هەرچی زووە ئەم بڕیارە هەڵەیە مێژووییەی خۆتان ڕاست بکەنەوەو لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لەمێژووی کورد و نەورۆز پێکبهێنن و زانستیانەو دادپەروەرانە ماف بۆ خاوەن ماف بگێڕنەوەو پێناسەی ڕاستەقینەی "نەورۆز" ئاشکرا بکەن و بەجیهانی ڕابگەیەنن، کە ئەم جەژنە سەرچاوەکەی لە کوردستانەوەیەو مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوەو جەژنێکی نەتەوەیی میللەتی کوردەو لەجەژنی ژیانەوەی تەمموز و عەشتارەوە بووە بە جەژنی نەورۆز و ماناو ناوەکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام ڕۆژەکەی هەر هەمان ڕۆژە، ڕۆژی سەری ساڵی سۆمەری و سەری ساڵی کوردی.

**بەڕێزان.** ساڵی پار ٢٠٠٩ لە ژمارە ١١٤ی ٢٠٠٩/٣/٢٢ لە هەفتەنامەی بەدرخان پاشکۆیەک بەناوی "نەورۆزنامە" بڵاوکرایەوە، بەناوی "نەورۆز کەی دروستبووەو هی چ میللەتیکە؟!" لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپشت بەستن بەڕای لێکۆڵەرانی غەیرە کورد و بەڵگەی کۆن و مێژوویی ئەوەمان ساغ کردۆتەوە کە جەژنی نەورۆز ریشەکەی لە کوردستانەوەیەو تەمەنی لە دە هەزار ساڵ پترەو ڕێوڕەسمی جەژنی زیندووبوونەوەی تەمموزو عەشتارەو ڕۆژەکەش هەر هەمان ڕۆژی سەری ساڵەو سەرەتای بەهارە. ئەمساڵیش جارێکی دیکە ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاودەکەمەوەو هەوڵدەدەم بگاتە دەست ئێوەش.

بەڕێزان. لەوەی ئێمە لەوە بەدەنگ هاتووین کە جەژنی نەورۆزتان داوەتەپاڵ میللەتی فارس، ئەوە هەر تەنیا بەرامبەر ئەم میللەتە بەدەنگ نایەین، بەڵکە بۆ هەر میللەتێک بووایە هەر ئەم هەڵوێستەمان دەبوو، بۆ میللەتی "فارس"یش ئەوە هێندە براو یەک ماڵین بەخوێن و خاک و مێژوو و ئایین وەک یەکین، هەندێک لە مێژوونووسان هەردووکمانیان بەیەک میللەت زانیوە، بەڵام حەقیقەتی مێژوویی زۆر لە برایەتی گەورەترە.

بەڕێزان ئەوەی کە ئێستا ئەرکێکی یاسایی پیشەیی زانستی ئێوەیە، هەرچی زووە لەم داخوازییەی میللەتی کورد بکۆڵنەوەو لێکۆڵەرانی کورد و غەیرە کورد، پسپۆڕانی ئەم بوارە، بواری "مێژووی نەورۆز" کۆبکەنەوەو داوای لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامی زانستیان لێ بکەن و ئێوەش ئەم نەورۆزەمان لێ تاڵ مەکەن! چۆن زۆربەی کارەساتە ناخۆش و دڵتەزێنەکانی کورد لە نەورۆز و بەهار بووە!!

هەروەها رووی داوام "لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان" و "حکومەتی هەرێم" دەکەم، کە جەژنی نەورۆز و ئەم بەجیهانی کردنە بەهەند هەڵبگرن و گرنگییەکی زۆری پێ بدەن، چونکە ئێمە دەتوانین جەژنی نەورۆز بکەین بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هەموو جیهان و هەموو ئەو میللەت و حکومەت و دەوڵەتانەی کە جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەن، ئێمە دەتوانین کوردستان بکەین بە نێوەندێکی جیهانی نەورۆز، چۆن وڵاتی سعودیا نێوەندێکی ئیسلامی تەواوی موسڵمانانی جیهانە، چۆن فاتیکان نێوەندێکی مەسیحیەتی تەواوی مەسیحییەکانی جیهانە، چۆن کەربەلا و نەجەف نێوەندێکی تەواوی ئایینزای شیعەو شیعەمەزهەبەکانی جیهانە، ئاوا کوردستانیش بکەین بە نێوەندی جیهانی نەورۆز و ساڵانە بە فێستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و کلتووری لەگەڵ ئەم وڵاتانەی کە جەژنی نەورۆزیان تێدا دەکرێ پێکەوە ئاڵوگۆڕی تیپە هونەری و کلتووری و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بکەین و پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەم وڵاتانەو جیهان دروست بکەین، چونکە نەورۆز بۆ خۆی جەژنێکی سروشتی و جوانی و برایەتییە.

دواجار داواکانی خۆمان لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە و ڕوودەکەینە "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" و دەڵێین بەرەسمی کردنی جەژنی نەورۆز و بەجیهانیکردنی ئەم ڕۆژە کارێکی پیرۆزە، بەڵام ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکە پێویستییەکی زانستییە.

خاڵەکانیش ئەمانەن:

**١- ناوی میللەتی کورد و حکومەتی هەرێم بخرێتە نێو لیستی ئەو حکومەت و دەوڵەتانەی کە داوای بەجیهانیکردنی جەژنی نەورۆزیان کردووە.**

**٢- داوا دەکەین "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" دان بەوەدا بنێ کە جەژنی نەورۆز لە کوردستان سەریهەڵداوەو لە کوردستانیشەوە بەدنیادا بڵاوبۆتەوەو هەر تەنیا میللەتی کوردیشە کە ئەم جەژنە وەک جەژنێکی نەتەوەیی پیرۆز ڕادەگرێ.**

**٣- مێژووی نەورۆز بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و ریشەکەی لە کوردستانەو بۆ داستانی تەمموز و عەشتار دەگەڕێتەوە و ڕۆژی ١/ی نەورۆزی ساڵی نوێی کوردی هەمان ڕۆژی ١/١ ساڵی نوێی سۆمەرییەکانەو ناوەکەی لە "زگمەک"ی سۆمەری، کە دەکاتە سەری ساڵی نوێ و گۆڕاوە بۆ ڕۆژی نوێ و — نەورۆز "جەژنی نەورۆز"ی کوردی، هەروەها شاری هەولێریش کۆنترین شارەو یەکەمین شارە کە پەرستگای عەشتاری لێ دروست کراوەو دواجار بە عەشتار ئەربیللا ناوبانگی دەرکردووە.**

دواجار هیوادارم ئەم داواکارییەی میللەتی کورد، بەداوایەکی ڕەسمی قبووڵ بکەن و وەڵامی ڕەسمیش بدەنەوەو بیسەلمێنن ئێوە پشتگیری حەقیقەتی مێژوویی زانستی دەکەن و ناتانەوێ مافی هیچ میللەتێک بۆ میللەتێکی دی بەناڕەوا پێشێل بکەن.

هەر لێرەوە داوا لەم نێوەندە بەڕێزانەی خوارەوە دەکەم، کە ئەم بابەتە بەگرنگ! زۆر گرنگ بزانن و بێ دەنگ نەبن و پشتگیری ئەم داواکارییە بکەن و لێژنەی بۆ پێکبهێنن و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکەن، تا ئەم هەڵە مێژووییە ڕاست دەکرێتەوەو میللەتی کورد بەشێوەیەکی ڕەسمی و جیهانی بە جەژن و مێژووی ڕاستەقینەی خۆی شاد دەبێتەوە.

**بۆ بەڕێزان**

**١- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.**

**٢- پەرلەمانی کوردستان**

**٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٤- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**٥- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**٦- نێوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان.**

**٧- مێژوونووس و لێکۆڵەرانی پسپۆڕ و شارەزای کورد و غەیرە کورد.**

**٨- تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و عەرەبی و فارسی و جیهانییەکان. "نووسراو و بینراو و بیسراو".**

بەهیوای پشتگیری هەموو لایەک

داواکار، نووسەر و لێکۆڵەر

**دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**
**٢٠١٠/٣/٥**
**عێراق- کوردستان- هەولێر**
**زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر**

**جگە لەوەی شوێنی سەرهەڵدانی داستانی "تەمموز و عەشتار" کوردستانی ئەمڕۆیەو ڕۆژی جەژنەکەش هەمان ڕۆژە، ئەو ڕێوڕەسمی نەورۆزکردنەیش لە کوردستان، هەر ئەو ڕێوڕەسمەیە کە سۆمەرییەکان پەیڕەویان کردووە**

# جەژنی نەورۆز کۆنترین جەژنە لەهەموو جیهاندا


نەورۆزنامەی بەدرخان Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارێن وەکو ئاش

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە، ساڵانە لە یادی نەورۆزدا لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

ئەم ژمارەیە بەسەرپەرشتی لێکۆڵەر دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن خۆی چاپکراوەو مافی لێکۆڵینەوەکە پارێزراوە

ژمارە ٢ - ١٣٧ سێ شەممە ٢٠١٠/٣/١٧


## نەورۆز بێ خاوەن نییە!




دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن


دەبێ مرۆڤ هەبێ، تا رووداو رووبداو مێژوو دروست ببێ، دروستبوونی هەموو مێژوویێکیش "جوگرافیا"ی خۆی هەیە.

نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەو لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە، ئەگەر ساڵی یەکەمی سەرهەڵدانەکەی نازانرێ و ناتوانرێ دەست نیشان بکرێ، ئەوا لەڕووی زەمەنەوە "رۆژ و مانگ"ەکەی دیارەو هەروەها "میللەت و جوگرافیا"کەشی ناسراوە، هەروەها رێورەسمی پێشوازی کردنەکەشی ساغ بووەتەوە، کە لە سەرەتادا پێشوازی کردنە لە زیندووبوونەوەی "تەمموز" کە خۆی جەژنەکە پەیوەستە بە داستانی پڕ کارەساتی "تەممووزو عەشتار"، ئێستاش نەورۆز لەسەر قسەی لێکۆڵەران بەشێکی زۆری ئەو ڕێوڕەسمی پێشوازی کردنەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. کە زۆر رێوڕەسمەکە پەیوەندی بە "سروشت و کشتوکاڵ"ەوە هەیە، بەتایبەت کشتوکاڵی ئەشکەوت، کە زەمەنەکەی بەڕای لێکۆڵەران بۆ "١٥ تا ١٢" هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

ئەم جەژنە کۆن و کوردستانییە، ئەمساڵ "٢٠١٠ی زایینی و ٢٧١٠ی کوردی، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا بیکات بە "رۆژی نێونەتەوەیی نەورۆز" ئەمەش لەسەر داوای حکومەتەکانی ئێران، تورکیا، ئەفغانستان، ئازەربایجان، تورکمانستان، قیرغستان، ئۆزبەکستان، کازاغستان و تاجیکستان بوو.

ئەگەرچی بەجیهانیکردنی ئەم جەژنە کارێکی شیاو و پیرۆزە، بەڵام دەستنیشانکردنی شوناسەکەی بەهەڵە کارێکە لە نێوەندێکی گرنگ و جیهانی وەکو "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" ناوەشێتەوە، جگە لەمەش لەداواکردنی بەجیهانی کردنەکە ناوی میللەتی کورد و حکومەتی هەرێم نەهاتووەو زیاتر لە چل ملیۆن کورد لەبیرکراوەو پشتگوێ خراوە.

لە هۆیەکانی بەجیهانی کردنی نەورۆزدا هاتووە کە "نەورۆز جەژنێکی بەهارییەو ریشەیەکی فارسی- ئێرانی هەیە؟" ئەگەر کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ لێکۆڵینەوەی تەواو شوناسی "فارسی- ئێرانی"یان داوە بە جەژنی نەورۆز، ئەوا هەر ئێستاش وڵاتانی تورکیا، ئازەربایجان، ئەففغانستان و پاکستان کێشەیەکی توندیانە لەوەی هەر وڵاتەو دەیەوێ نەورۆز بکات بەهی خۆی. لە کاتێکدا ئەم میللەت و وڵاتانە بە "ئێران و فارس"یشەوە هەر هەموویان ئەم جەژنەیان لە کوردستانەوە وەرگرتووەو کورد خاوەنی راستەقینەی ئەم جەژنەیە، خاوەن بەمانای سەرهەڵدانی یەکەمینجار، کەچی میللەتی کورد، لەم رووداوە گرنگ و جیهانی و نێونەتەوەییە نە دەست پێشکەری کردووە و تا ئێستاش هیچ بەرگرییەکی شارستانی و زانستی و دبلۆماسیانەی نییە! لە کاتێکدا هیچ یەک لەو حکومەتانەی داوایان کردووە نەورۆز بکرێ بە جەژنێکی جیهانی و ئێستاش خۆیان بە خاوەنی دەزانن! ناتوانن یەک دانە بەڵگەی مێژوویی بهێننەوە کە "نەورۆز" سەرەتاو بۆ یەکەمینجار لەنێو ئەوان و لە وڵاتی ئەوان سەریهەڵداوە.

ئەوە هەر تەنیا میللەتی کوردەو بە لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانی غەیرە کورد و بە بەڵگەی مێژوویی سەلماندوویانە کە نەورۆز جەژنێکی کوردستانییە!

ئێستا لە دوای ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کار و کاردانەوەی وڵاتانی پەیوەندیدار و وڵاتانی جیهان، ئەوەی لەسەر میللەتی کورد و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم پێویستە بەڕای ئێمە ئەمەی خوارەوەیە:

یەکەم: پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێم بکات دەزگایەکی هەمیشەیی دابمەزرێنێ بەناوی "دەزگای پیرۆز راگرتنی جەژنی نەورۆز" ئەرکی ئەم دەزگایە بریتی بێ لەدوو بەش:

أ- پێکهێنانی لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لەمێژووی کورد و نەورۆز لە لێکۆڵەرانی کورد و غەیرە کورد، بۆ لێکۆڵینەوەو خستنەبەردەستی بەڵگەی تەواو بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی جەژنی نەورۆز و ئەم لێژنە کاتییە.

ب- پێکهێنانی دەزگایەک بۆ ئەوەی ساڵانە بەرنامەی پێشوازی کردنی جەژنی نەورۆز دابڕێژێ لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، ئەم لێژنەیەش پێویستە هەمیشەیی بێت.

دووەم: پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەم بڕیارەی "کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان" و سەلماندنی شوناسی راستەقینەی نەورۆز و راستکردنەوەی بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتی و دەرکردنی بارێکی تازەو لەم بڕیارەشدا شوێنی کورد و جەژنی نەورۆز دیاربێ.

سێیەم: بۆ ئەمساڵ ئێمە بە چاکی دەزانین کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم گرنگییەکی پێویست بە نەورۆز بدات و لەسەر ئاستی شەعبی و حکومی لەناوخۆ و لە دەرەوەی کوردستان. جگە لە کۆڕ و سیمیناری زانستی و ئاهەنگی خۆشی، ئێمە بەپێویست و بەجوانی دەزانین کە:

- دەستەواژەی ١- "نەورۆز کۆنترین جەژنە لە هەموو جیهاندا"

هەروەها ٢- نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەو لە کوردستان سەری هەڵداوەو هەر لە کوردستانیشەوە بەدنیادا بڵاوبووەتەوە".

بکرێن بە پۆستەری قەبارە جیا جیاو هەموو خەڵکی کوردستان لە بەردەم ماڵ و دوکان و دەزگاکانی حکومەت هەڵبواسرێ و هەموو خاوەن سەیارەکان و سەیارەی هەموو دائیرە فەرمی و شەعبی و حزبی و کەسییەکان، ئەم پۆستەرە بۆ هەرسێ رۆژی جەژنی نەورۆز بە سەیارەکانیانەوە هەڵبواسن، هەروەها داوا لە هەموو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان بکرێ، ئەوانیش بەزمانی کوردی و بەزمانی فەرمی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین، ئەم دوو دەستەواژەیە لە رۆژانی نەورۆز بە سەیارەکانیانەوە هەڵبواسن و دەزگاکانی راگەیاندن هەر لە ئێستاوە بانگەواز بۆ ئەم پێشوازی کردنە لە نەورۆز بکەن و رۆژانە بەردەوام بە بیری خەڵکی کوردی بهێننەوە.

هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو شارەزاو لێکۆڵەرانە بکەن، کە بە زانستییەوە جەژنی نەورۆز بە جەژنێکی کوردی کوردستانی دەزانن و بەڵگەو راکانیان بەردەوام دووبارە بکەنەوە. هەروەها لەماوەی ئەم مانگەدا دەستەواژەی دووەم لە سەرەوەی هەموو فەرمانێکی ئیداری بنووسرێ و هەروەها هەموو بڵاوکراوەکان رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەم دەستەواژەیە لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم بە خەتێکی بەرچاو دووبارە بکەنەوە.

هەروەها پێویستە لەم ساڵەوەو بۆ هەمیشە ساڵانە، حکومەتی هەرێم و هەموو دامودەزگا فەرمی و ئەهلی و حزبییەکان، لە هەموو کوردستان و لە هەموو جیهان بەشێوەیەکی شیاو و بەرنامە بۆ دارێژراو پێشوازی لە نەورۆز بکەن و پێشوازی کردنێک کە سەرنجی دنیا رابکێشێ بۆ ئەوەی کورد بیسەلمێنێ کە خاوەنی راستەقینەی نەورۆزەو جەژنی نەورۆز بێ خاوەن نییە.

هەر لە کوردستانەوەو من وەک لێکۆڵەرێکی کورد کە لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٩دا لێکۆڵینەوەیەکم بڵاوکردەوە لەژێر ناوی "نەورۆز کەی سەری هەڵداوەو هی چ میللەتێکە؟!" بڵاوکردەوەو ئەمساڵیش جارێکی تر و لێرە لە "هەفتەنامەی بەدرخان" تەواوی لێکۆڵینەوەکە بڵاودەکەمەوەو دەیخەمە بەر چاوی لێکۆڵەرانی کورد و غەیرە کورد و تەواوی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ ئەوەی بیخوێننەوە گفتوگۆی لە بارەوە بکەن.

دواجار لە کوردستانەوە، لە خاکی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆزەوە لە "کوردستان لانکەی شارستانیەتەوە" لە دڵەوە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە هەموو میللەتی کورد دەکەم لە تەواوی کوردستان و لەهەموو جیهان، هەروەها هەموو ئەو میللەتانەی لە کورستان دەژین و وەک ئێمە جەژنی نەورۆز بەرز رادەگرن، دیسان پیرۆزبایی لە تەواوی ئەو میللەت و حکومەتانە دەکەم، کە ئەوانیش جەژنی نەورۆز بەهی خۆیان دەزانن و رێزی لێ دەگرن، ئێستاش کە نەورۆز بووە جەژنێکی جیهانی پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ ساڵی "٢٧١٠"ی کوردی و "٢٠١٠" زایینی لە تەواوی جیهان پیرۆز دەکەم و هیوادارم نەورۆز ئەڵقەیەکی تری بەهێزی پەیوەندی نێوان میللەتانی دۆست و ئاشتیخوازبێت.

**هەولێر - ٢٠١٠/٣/١٤**



## Nawroz: An Ancient Kurdish Feast


**Dr. Mawloud I. Hassan**
**Lecturer of Kurdish Mythology**
**Kurdish Dept., College of Languages,**
**Salahaddin University,**
**Arbil, Iraq**


This year, Nawroz is recognized as a world feast by the United Nations and is celebrated in many countries. The root of this feast is traced back to the epic of Tammuz and Ishtar, which is related to the emergence of agriculture near the cave of "Zaviyachemi" close to Shanidar Cave.

This feast was regarded as the Sumerian New year's feast coinciding with the same Nawroz feast – the 1st day of Nawroz is March 21st of the Solar system. The Sumerians called this feast "Zegmek", i.e., New Year, consisting of rituals of resurrection of Tammuz and Ishtar, still observed by the Kurds more or less.

In 1930, Henry Frankfurt, the archeologist while investigating in Mosul/ Kurdistan, observed that at the night of Nawroz feast the Kurdish labourers celebrated Tammuz in the same manner of the Sumerians. Later on, in 1930, this archeologist published a paper titled "Tammuz Rituals in Kurdistan". The Sumerians established their Second Stage of their great culture in the South of Iraq. Their First Stage was in Kurdistan which started with the establishment of Erbil/Hawler City. This City, as mentioned in the Encyclopedia Britannica, was built by the forefathers of the Sumerians. From the very start, the Sumerians build a temple there known as "Ishtar Arbella".

This Kurdish feast, once again, during the Medes times, became the official feast. Also, Zoroaster, the Medes Prophet, made Nawroz a religious feast. Later on, during the Sassanid reign, Nawroz became a state feast. As known, both the Medes and the Sassanids were the ancestors of the Kurdish people. Therefore, we insist that Nawroz was originally a Kurdish feast and this idea is proved by a study titled " Nawroz: when Did it Appear and Whom Does it Belong?" published in 2009. Here, a developed copy of the same study will be published again.

Thus, by evidence from non-Kurdish authors, it is proven that Nawroz is a purely Kurdish (Iraqi – Kurdish) feast, having no Persian root nor is it a "spring festival of Persian origin" (as wrongly asserted by the UN). That is why it is necessary that the UN should correct their error and give Nawroz back to its real owners.

# سەرهەڵدان و زیندووبوونەوەی (تەمووز) واتە جەژنی (نەورۆز)



ئەشکەوتی شانەدەر

٢٠٠-١٢٠ هەزار ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەم ئەشکەوتەدا ژیاوە




زەڤیا چەمێ

١٥-١٢ هەزار ساڵ پێش زایین سەرەتای کشتوکاڵی ئەشکەوت سەرهەڵدانی داستانی تەمووزو عەشتار



چەرمۆ

١١-٩ هەزار ساڵ پێش زایین یەکەمین گوندی کشتوکاڵی

بەردەوامیی داستانی تەمووزو عەشتار



شاری ئوربیللا (هەولێر)

٨-٧ هەزار ساڵ پێش زایین یەکەمین شاری کشتوکاڵی بارانیی شاری عەشتار ئەربیللا



شاری ئور

٤-٣ هەزار ساڵ پێش زایین شاری کشتوکاڵی ئاودێریی

پەرستگای عەشتار ئور

## نەورۆز و پیرەمێرد لەپێش ساڵی"١٩٠٠"و پێش چوونی پیرەمێرد بۆ تورکیا



حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)

کاتێک تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەسرەف، نەبووبووە"پیرەمێرد"و پیر نەبووبوو، لاو و بەڵکو منداڵێک بووە، باوکی ناردبوویە بەر خوێندنی ئایینی و لە حوجرەی مەلاحوسێنە گۆجە دەیخوێند. مەلا حوسێن لە نەورۆزدا داوای نەورۆزانەی کردووە، کە تۆفیقی منداڵ و هاوەڵە قوتابییەکانی بۆی بێنن. جگە لەمەش هەر لەو تەمەنەدا بە کۆمەڵ چوونەتە لای"شێخ ئەوزا سوورەی تۆڵەتوویی" کە دەستخەتی خۆش بووە، نەورۆزنامەی بۆ نووسیونەوە. ئەم یادگارانەی منداڵی لە بیرو مێشک و دەروونی"تۆفیق"دا ماونەتەوە، هەتا گەورە دەبێ و دەچێتە تورکیاو بیست و پێنج ساڵ لەوێ دەبێ و دوایی دێتەوە سلێمانی. ئەوکاتە پیر دەبێت و لەساڵی ١٩٣٢دا بۆ یەکەمجار نازناوی پیرەمێرد بۆخۆی هەڵدەبژێرێ. بابزانین خۆی لەم بارەیەوە چی دەڵێ:"منداڵ بووم، لای مەلا حوسێنە گۆجە دەمخوێند، کە گەیشتینە بەهار مامۆستا دەیگوت: بچن ئەو نەورۆزانە بێنن، ئێمەش بەسەر دایکمانا دەگریاین، سا دایک و باوکمان هەرچیان لەدەست بهاتایە، هەرچیان لەبارا بوایە یا چەخی یا قڕانی حەمە شایی یا نەبات دەیاندایینێ، دەمانهێنا ئەویش بەشی خۆی لێ هەڵدەگرت، یەکێ قەمەرییەکی دەدایینێ دەچووین لە مزگەوتی شێخ ئەوڕەحمانی شێخ ئەبوبەکری شێخ ئەوزا سوورەی تۆڵەتوویی، خەتی خۆش بوو، نەورۆزنامەی بۆ ئەنووسینەوە". کاتێکیش کە سامانێکی زانستی و رۆشنبیری لە تورکیا پێکەوە دەنێت و دەگەڕێتەوە، وەک خۆی دەڵێت"بە نیوەی خوێندەواری لەسلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە". لەو رۆژگارەدا کە دەوڵەتی عێراق دروستبوو، خوێندن لە وڵاتی سلێمانیدا لە تورکی و فارسییەوە دەبێ بەکوردی، ئیتر حاجی تۆفیق دەگەڕێتەوەو یاد و بیرەوەری رۆژانی نەورۆزی منداڵی خۆی و زیندووکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی لەبیر و خەیاڵدا دەبێت. ئەوەبوو هەر لەسەرەتای ساڵانی١٩٣٠ەوە بەهۆی دروستبوونی"کۆمەڵەی زانستی"یەوە کە خۆی گوڕگەلی زانستی پێدەگوت، کەوتە کرد و کۆشش و هەوڵێکی زۆر بۆ ژیاندنەوەی ئەم نەریتە کۆنەو نوێکردنەوەی بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ رەوتی سەردەمەکەی خۆی بگونجێ. چونکە لای ئەو نەورۆز مانایەکی لەوە گەورەتری هەبووە کە تەنها ئاگرکردنەوەو هەڵپەڕین و ئاهەنگ گێڕان بێت، یا سروود وتن بێت، بەڵکە ئاگرکردنەوە لای ئەو دوو مانای گەورەی هەبووە، یەکەم: گۆڕانی سروشت و نوێبوونەوەو ژیاندنەوەی خاکی مردوو. تەقینەوەی کارێز و کانی وشکبوو. دووەمیش: مەسەلەی رووناکی، کە ئەمەیان زۆرتر مەبەستی ئەوەبووە. رووناکی کە رەمزی پێشکەوتن و بە ئاوات گەیشتنی نەتەوەکەی بووە. وەک خۆی دەڵێت:" دەمەوێ عالەمی مەدەنییەت ئاگار بکەم کە ئاگری یارەی ئێمە بۆ ئایینی ئاتەشپەرستی نییە، بۆ ئەمەیە کە سەری ساڵی تازە، رێی بەختی میللەتەکەم رووناک بکەمەوە.

وەک لەمەوپێش نووسیمان بوونی نەورۆز و ئاهەنگ گێڕان و نەورۆزنامە خوێندنەوە بەو بۆنەیەوە هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لای پیرەمێرد ژیاوەو لە دڵ و دەروون و بیریدا چەسپاوە، واتا لەو رۆژەدا کە لەسەر لووتکەی چیاکان ئاگر کراوەتەوەو نیشاندراوە کە ئەو رۆژە رۆژی دەستپێکردنی یەکەم رۆژی ساڵی نوێی کوردییە. چونکە لەو١ سەردەمانەدا وەک ئێستا خوێندەواری نەبووە هەتا بەهۆی رۆژژمێرو رادیۆو هۆکانی ترەوە هەواڵ بگاتە هەموو ناوچەیەکی نزیک و دووری کوردستان و رایبگەیەنن کە یەکەم رۆژی ساڵی نوێ دەستی پێکرد. جگە لەمەش ئەو ئاگرە لەو رۆژەدا مانایەکی گەورەتری هەبووە. ئەویش رەمز و نیشانەی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەری کورد بووە بەسەر ئەژدهاکی زۆردارا. واتا دوو شۆڕش بووە. شۆڕشی ژیانەوەی سروشت. شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵک دژی زۆرداری. جگە لەمانە پیرەمێرد ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم جەژنە لە تورکیاش کراوەو لەوێ بە رۆژێکی پیرۆز دانراوەو بە نیشانەی ساڵی نوێ و نوێبوونەوەی سروشت بینراوە. دەنووسێت:"کاتێکیش چوومە ئەستەنبۆل لە سەرای پادشاهیدا رۆژی نوێی مارت هەموو"وکەلا و وزەرا" دەهاتنە"مابەین"تەبریکیان دەکرد. نیشان بەو نیشان شیرنی نەورۆزیان دەخوارد و شەوی نەورۆزیش لە هەموو منارەکاندا قەندیلیان دادەگیرساند". ئەگەرچی ژیاندنەوەی ئەم نەریتە نەتەوایەتییە بۆ پیرەمێرد بۆتە مایەی رەنج و ئەرک و ماندووبوون و تانەو توانج لێدانی. بەڵام وردە وردە ئەو گیانە خاوێنە سەرکەوت و گیانە خاوێنەکانی"قوتابیانی زانستی"، شوێن کەوت و زیندوویان کردەوەو کردیانەوە بە جەژنی نەتەوایەتی، بڕوانە پیرەمێرد دەنووسێت:"ئەم ئاگرکردنەوەی نەورۆزە کە لەپێشدا لەناو ئێمەدا باو بووە، ئێمە تاب و تواناو مەوجودیەتێکی وامان نەبوو کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆزی نیشانەی ساڵی تازە بکەینەوە. ئەو رۆژە بە جەژن بزانین و سەیرانی تیا بکەین. کاتێ من لە ئەستەنبۆل هاتمەوە بەخۆشی خۆشییەوە بیستم ناونیشانێکمان بۆ پەیدا بووەو زبانمان بووە بەکوردی و مەئمورمان لە خۆمانە. ئەوەم بە جەژن زانی و هاتەوە یادم کە ئێمە هەموو ساڵێ جەژنێکی نەورۆزمان بووەو نەورۆزنامەیان بۆ دەنووسینەوە، بەو یادی گیانی باووباپیرەوە هەڵسام رۆڵەی زانستیم پێش خۆم خست و لە گردی یارە شەو ئاگرم هەڵگیرساند و رۆژ سەیرانم کرد".

**تێبینی:**

لە کتێبی پیرەمێرد – کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی(ئومێد ئاشنا) بەرگی یەکەم – چاپی ئاراس ٢٠٠٩ وەرگیراوە.

# نەورۆز کەی دروستبووە و هی چ میللەتێکە؟!




ئەشکەوتی شانەدەر



**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**زۆر بابەت هەن لە زەینی مرۆڤی کورد دەقی گرتووەو یەک رەنگ بووە، لە کاتێکدا ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی زۆرتر هەیە**

کورد بەم مێژووە دوورو درێژەی کە هەیەتی، بەو جوگرافیایە پان و پۆڕو پڕ لە رووداوە ئاڵۆزە، زۆر کەم لە مێژووی خۆی دەزانێ! ئەوەش کە دەیزانێ پێویستی بە پێداچوونەوەو راستکردنەوە هەیە، زۆر بابەت هەن لە زەینی مرۆڤی کورد دەقی گرتووەو یەک رەنگ بووە، لە کاتێکدا ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی زۆرتر هەیە، لێکۆڵینەوە، بە مانای لێکۆڵینەوەی زانستی و پشت بەستن بە بەڵگە مێژوویی و رووداوە راستەقینەکان، هەرچەندە بۆ ئەو مێژووە کۆن و دوورو درێژە، زۆر کەم بەڵگەی زانستی دەستدەکەون! بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەداوێکی باریک و توندو نەپساو هەیە، مێژوونووس و پسپۆڕان دەتوانن ئەم سەرەداوە باریکە ئەستوور و دەوڵەمەند بکەن. ئەگەر لێکۆڵەرەوان بە لێوەشاوەیی کە سێ جۆر مێژوو هەیە، ئەو سێ جۆرە مێژووە بە وردی بخوێننەوەو بتوانن، لەم مێژوانە مێژووی راستین بەدەست بێنن. ئەوا مێژووی کورد زۆر لە ئێستا بەرچاوتر و رۆشنتر دەبێت، ئەم سێ مێژووانەش ئەمانەن:

**١- مێژووی ئەفسانەیی :**

ئەمەشیان دوو بەشە:

**بەشی یەکەم/** ئەو دەقە ئەفسانەییە کۆنانە دەگرێتەوە، کە لە نووسینە کۆنەکاندا لەبەر دەستن و باسی مێژووی تێداکراوە مێژووەکە تێکەڵ زۆر بابەتی تر بووە. وەک ئەوەی کە لە ئەفسانەکانی سۆمەرییەکاندا هەیە.

**بەشی دووەم/** ئەفسانەی زارەکی، ئەمەشیان بەشێوەی زارەکی دەگێڕدرێتەوە و مێژووی کۆن و نوێی تێکەڵ بووە، نموونەی ئەمەش ئەفسانەی رووداوە مێژووییەکان و "داستان" و "لاوک"ە تێکەڵ ئەفسانەکانە.

**٢- مێژووی ئایینی:**

ئەم جۆرە مێژووەش، مێژووییێکە زۆرتر بەر (هێزی پیرۆزکردن) و (هێزی رەشکردن) کەوتووەو لەژێر کاریگەریی بیری ئایینەکە تێکەڵ فەلسەفەی ئایینەکە بووەو خراوەتە خزمەت مەبەستە ئایینییەکەو بەزمان و کەرەستەی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە.

**٣- مێژووی نووسراو:**

ئەم جۆرەیان مێژووییێکە، زۆر کەم بە نووسراوو بەڵگەوە هەیە، باس لە واقیعە مێژووییەکە دەکات و "کەس" و "ساڵ" و "شوێن" لەناو "رووداو"ەکاندا ناسراون و هەندێکیان هەر لەسەردەمی رووداوەکاندا نوسراونەتەوە.

ئەم سێ جۆرە مێژووە سەرچاوەی مێژووی کوردن، دەکرێ بۆ دۆزینەوەی تەواوی راستییە مێژووییەکان توێژینەوەیان تێدابکرێ! بەڵام، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین ئەگەر خوێندنەوەی بەشە ئەفسانەییی و ئایینییەکە کارێکی ئاسان نییە!

بۆ بەدەست هێنانی مێژووی راستین ئەوا دەبێ لە مێژووە نوسراوەکەشدا چاوەڕێی هەموو ڕاستییەک نەکەین، چۆن مێژوونووس (ئارشاک سافراسیاب) دەنووسێ:( هیچ میللەتێک هێندەی میللەتی کورد بەدەستی ئەنقەست مێژووی نەشێوێندراوە) شێواندنێکی بەدەستی ئەنقەست، جا لەنێو مێژووی نوسراودا ئەم جۆرە مێژووە شێوێندراوانەش هەن، کە هەندێک لە مێژوونووسان مێژووی کوردیان بەشێوای نووسیوە، هەربۆیە نووسینەوەی مێژووی کورد کارێکی ئاسان نییە!، بەڵام ئەگەر کەسی لێهاتوو ملی بداتە بەر کارێکی دوورە دەست نابێ!

**نەورۆز:**

نەورۆز رۆژی "١"ی مانگی نەورۆزی ساڵی کوردی (٢١)ی ئاداری ساڵی زایینی، کە ئەمساڵ (٢٠١٠)ی زاینییە "دەکاتە (٢٧١٠) کوردی. لە رووی مێژووەکەوە بۆ سەردەمی میدییەکان گەڕاوەتەوە و بەو پێیەی، کە وەکو تا ئێستا زانراوە مێژووی میدییەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەستپێدەکات!!" کە ئێستا ئەو مێژووە بۆ

←




فۆتۆ: زاموا


شاری هەولێر - پەرستاگای عەشتار (عەشتار ئەربێللا)

دەکەوێ. بۆ نموونە: بەبا هاتنی پشیلە لەم مانگەدایە.
ئەمناولێنانەشلەگەڵسەرهەڵدانی کشتوکاڵ و چاودێریکردنی سروشت و دەرکەوتنی دیاردە سروشتییەکان لەئاسمان و زەوی و کەژە کشتوکاڵییەکان ناوەکان سەریان هەڵداوەو پەیدابوونەو زەمەنی ساڵێکی کشتوکاڵییان پڕکردۆتەوە، ئەمەش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کشتوکاڵەوە بووە.
کە من بە چاکی دەزانم سەرهەڵدانی کشتوکاڵ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین:
**١- کشتوکاڵی ئەشکەوت:** واتە مرۆڤ هێشتا لە ئەشکەوت ژیاوە و کشتوکاڵی کردووە، وەک کشتوکاڵی (زەڤیاچەمێ) کە بە هەڵە زاوی جمی پێ دەگوترێ و لە دەوروبەری ئە شکە و تی " شا نە د ە ر " لەناوچەی"برادۆست"ی سەر بەشاری"هەولێر".
**٢- کشتوکاڵی گوند:** پاش هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوت، وەک دروستکردنی گوندی کشتوکاڵی گوندی (چەرموو).
**٣- ا- کشتوکاڵی سەردەمی شار "کشتوکاڵی بارانی"** ئەمەش لەگەڵ دروستکردنی شاری هەولێر لەسەر دەستی باپیرانی سۆمەرییەکانەوە دەست پێدەکات و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەم شارە هەر لە سەرەتاوەش وەک پەرستگایەکی ئایینی، بە تایبەت پەرستگای "خواوەندی عەشتار" کە دواجار بە "عەشتار ئەربیللا" ناوبانگی دەرکردووە.
**٣- ب- کشتوکاڵی سەردەمی شار "کشتوکاڵی ئاودێری"**: ئەویش ئەو جۆرە کشتوکاڵە دەگرێتەوە، کە سۆمەرییەکان لە پاش چوونە خوارەوە و دروستکردنی شارەکانی (ئوروک و ئور و ورکا) بە پشت بەستن بە ئاودێری برەویان پێدا.


شێوەرەکی تری عەشتار

ئەوەش زانراوە کە کشتوکاڵ لە کوردستان لە هەزارەی ١٥ تا ١٢ هەزار ساڵی پێش زایین سەری هەڵداوەو قۆناغی "ئەشکەوت" و "گوند" و "شار"ی بڕیوە هەر لێکۆڵەر"ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس" دەنووسێ:"لە بەدواداچوونی ڕووداوەکاندا ئەوە روون دەبێتەوە، کە چیرۆکی تەمووزو عەشتار زۆر لە چیرۆکی "گلگامش" کۆنترە، "ل٢٦". هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن، کە گلگامش پاڵەوان و پاشای سەردەمی (شار)ە لە قۆناغی دووەمی سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەرییەکانە، کە بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە بەپێی مێژووی زانراوی سۆمەرییەکان.
لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە، کە ئەو مێژووەی بۆ نەورۆز داندراوە، کە (٧٠٠) ساڵ پێش زایینە، ئەم مێژووە، مێژووی یەکەمین سەرهەڵدانی ئەو (جەژن)ە نییە، ئەگەر لە ١/ی نەورۆزی (٧٠٠) پێش زایین بە هەر بۆنەیەک ئەم رۆژە کراوە بە جەژن، کە بەڕای ئێمە رۆژی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی مادە لەسەردەستی دیاکۆ، ئەوە بە رێکەوت، یان بۆ پیرۆزکردنی، ئەو بۆنە بووەو لەگەڵ ١/ی نەورۆز و سەری ساڵ لێکدراوە، ئەوە ئەمڕۆ ١/ی نەورۆز کەوتۆتە قۆناغێکی تازەتر و خۆی تێکەڵ رووداوێکی تری مێژووی میللەتی کورد کردۆتەوە، ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوەمان دەبات، کە بڵێین، ئەم بەیەککردنەی جەژنی حەوت سەت ساڵەی پێش زایین و رۆژی ١/ی نەورۆزی سەری ساڵ، بۆ پیرۆزکردنی جەژنە تازەکە بووە، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانن، کە رۆژی زیندووبوونەوەی تەمووز ٢١/ ی ئادار، کە دەکاتە ١/ی نەورۆز، لە سەرەتادا جەژنێکی ئایینی بووە، تەمووزیش خواوەند بووەو پەرستراوە، جگە لەوەی، کە ئەمڕۆژە پەیوەست بووە بە هات و بەرەکەتی سروشت و زۆر بوونی رۆزە (رزق) جگە لە پیرۆزییە کۆنییەکەشی، کە لە یادەوەری میللەتدا خۆی زیندوو و پیرۆز راگرتووە، تا ئێستا ئەوەمان بۆ روون بووەوە، کە نەورۆزی راستەقینەی مێژوویی، مێژووەکەی زۆر لە (٧٠٠) ساڵ پێش زاین کۆنترە و پێش چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکانە و هی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کشتوکاڵە، کە بەڕای من زۆر پێش دروستکردنی شارە، هەتا شاری، (ئۆربیللۆ)، هەولێریش، کە تەمەنەکەی لە (٨٠٠٠) ساڵ بەسەرەوەیە، ئەگەر هی سەردەمی کشتوکاڵی ئەشکەوت نەبێ، ئەوا بێشک هی سەردەمی کشتوکاڵی گوندە، کە ئەمەش بۆ (زیاتر لە ١٠ تا ١٥) هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو مێژووەی، کە بۆ ساڵی کوردی داندراوە (٢٧١٠) ساڵ مێژوویێکی نوێیە دەتوانین لە مێژووی کۆندا ساڵ و بۆنەی لەوە کۆنترو گرنگتر بدۆزینەوە، بیکەینە سەرەتای مێژووی میللەتەکەمان، بەتایبەت ئەگەر سۆمەرییەکان بەبەشێک لە پێکهاتەی میللەتی خۆمان بزانین، کە ئێستا ئەمە سەلمێندراوە و لێکۆڵەرانی بیانی ئەم راستییەیان ساغ کردۆتەوە، کە سۆمەرییەکان لە کوردستان بوون و لە هیچ شوێنێکی تر نەهاتوون و پاشماوەی زۆریان لە هەموو کوردستاندا دۆزراوەتەوەو بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی کوردو زۆر لێکۆڵینەوە ئەم راستییەیان دەرخستووە، کە پەیوەندی هەمەلایەنەی گرنگ لە نێوان سۆمەرییە کۆنەکان و کوردەکانی ئێستادا هەیە، یەکێ لە مێژوونووسەکان دەنووسن:(نابێ بڵێین کورد سۆمەرین، بەڵکە سۆمەرییەکان کوردن) ئەوەتا رۆژی ٢١/ی ئادار، رۆژی زیندووبوونەوەی عەشتارو تەمووزی سۆمەرییەکان، هەمان رۆژی ٣/٢١ی رۆژی ١/ی نەورۆز و سەری ساڵی ئەمڕۆی کوردییە، جگە لە رۆژەکە وەک کات رێورەسمی پێشوازی کردنیش لە زیندووبوونەوەی تەمووز لەسەردەمی سۆمەرییەکان، هەمان رێورەسمی پێشوازی کردنی ئەمڕۆی کوردە لە نەورۆز، لێکۆڵەر (ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) دەنووسێ:(هەموو ئەوە دەزانین، کە خوداوەندی تەمووز پەیوەندی بە بزنەوە هەبوو، چونکە (تەمووز) شوان بوو، لە کوردستانیش رێورەسمێکی کۆن هەیە، کوردە لادێیەکان پێستەی بزن لەبەردەکەن، وەک دابێکی کۆن بۆ پێشوازی رۆژانی بەهار) "ل٤٥".
هەر زانای شوێنەوارناس (هنری فرانکفۆرت) لە ساڵی (١٩٣٠)دا لە کوردستان ئەمەی بە چاوی خۆی دیوە، لە لێکۆلینەوەکەیدا بەناوی (تقوسی تەمووزی لە کوردستان(tammuz rituals in kurdistan) بڵاوی کردۆتەوە. "ئەرتۆرکریستنسن دەنووسێ: "ئەدۆنیس لە تەمووزەوە هاتووەو زۆر دابی ئەدۆنیس لە جەژنی نەورۆزدا بەجێماوەو ئێستا پەیڕەو دەکرێ". ئەم تقوسی تەمووزی و تەمووز پەرستییە، ئەگەر بە وردی سەیری جوگرافیای رووداوەکانی بکەین و وەک (شوێن لە چیرۆکدا) بە گرنگی بزانین، ئەوا جوگرافیای رووداوی عەشتارو تەمووز لەسەرەتا جوگرافیایەکی شاخاوییە و ئەشکەوتی تێدایە، ئەو کوردستانەش پڕە لە چیاو ئەشکەوت، چونکە چوونە خوارەوە و "بن دنیا" ژێر زەوی تەمووز تەنیا لە نێو ئەشکەوتدا دەگونجێ، کوردستانیش پڕە لە ئەشکەوتی گەورەو دوور و درێژ، کە هەر یەکەیان جێگای سەدان و هەزاران کەسی تێدا دەبێتەوە، چوونە خوارەوەی تەمووز، واتە چوونە ژێرەوەو ژێر زەوی، ئەگەر سەیری تەواوی چیرۆکەکە بکەین چ تەمووز چ عەشتار و چ خوشکەکەی تەمووز، کە دەچنە خوارەوە، دەچنە جێگایەکی ئاوەدان، هەرچەندە "ژێرەوە" بە مانای شوێنی تاریک دێت، بەڵام شوێنێکی ئاوەدانە و خەڵکی تری زۆری تێدایە، ئەم ژێر زەوییە گەورەو تاریک و ئاوەدان و پڕ لە خەڵکە هەر لە ئەشکەوتەکانی کوردستان دەوەشێتەوە، ئەگەر ئەوەش لەبیر نەکەین، ئەگەر مرۆڤ ئەمڕۆ دە دوازدە هەزار ساڵێکە لە گوند و شاردا دەژی، بەڵام بەسەدان هەزار ساڵ لەنێو ئەشکەوتدا ژیاوە و لەنێو ئەشکەوتدا چاوی کراوەتەوە و تا ئێستاش پێیەکی هەر لەنێو ئەشکەوتدایە و تا ئێستاش ئەشکەوت لە یادەوەری مرۆڤدا



پەرستگای شاری ئور

نەسڕاوەتەوە، بە تایبەت مرۆڤی کورد.

بە کورتی، ئەگەر ٢١/ی ئادار ڕۆژی زیندووبوونەوەی نەورۆزو تەمموزە لە مێژووی کۆندا لە لای سۆمەرییەکان پێش چوونە خوارەوەیان، واتە پێش هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاین لەنێو سۆمەرییەکانی کوردستان پەیڕەوکراوە، ئەوا ئەمڕۆ هەمان ٣/٢١ کە دەکاتە ١/ی نەورۆز لە لای کوردەکانی هەمان "سۆمەرستانی مێژوو" کە دەکاتە کوردستانی ئەمڕۆ، ئەم ڕۆژەی کە جەژنێکی نەتەوەییە، هێندە هەیە جەژنی ژیانەوەی تەمموز جەژنێکی پیرۆزی ئایینیە و سۆمەرییەکان لە سروشتەوە وەریانگرتووە، کەچی ئەمڕۆ نەورۆز لای کورد جەژنێکی نەتەوەییە و لە پیرۆزی مێژوو وەرگیراوە، هەر لە کۆنەوە لە (١٠) هەزار ساڵ پتر ٣/٢١ ساڵانە جەژنە و ئەگەر ناوەکەشی گۆڕاوە و ئەگەر پیرۆزییەکەی گۆڕاوە، ڕۆژەکەی هەمان ڕۆژە و وڵاتەکەی هەمان وڵاتە و ئەو میللەتەش، کە ڕایگرتووە و درێژەی پێداوە هەمان میللەتە، میللەتی بەردەوامی میللەتی پێشوو کورد. لەساڵی"١٨١٢"ی زایینیدا (جێمس مۆیەر) لە ئێران و لە سەروبەندی بەهار دەنووسێ: "کوردەکان چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زووحاکیان بە نواندن پیشاندەدا لە جەژنێکدا کە پێی دەڵێن"جەژنی کورد". ئەم جەژنی کوردەش هەمان جەژنی نەورۆزە کە ئەمڕۆ میللەتی کورد بە حەماسەتەوە یادی دەکاتەوە". دیسان هەمان جەژنی زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتارە.

ئەمەش بەو مانایە نییە هیچ میللەتێکی تر جەژنی نەورۆز ناکات! بەڵێ، ئەم جەژنە کۆنە لە کوردستانەوە چۆتە نێو زۆر وڵات و میللەتی تریش، بەڵام ئەو میللەتەی دروستی کردووە ئەوە میللەتی کوردە، ئەو وڵاتەش، کە لێی دروستکراوە وڵاتی کوردستانە، جگە لەمەش ئەمە هەر کوردستانییەکانن جەژنی نەورۆزیان بە دنیادا بڵاوکردۆتەوە، هەر لە سۆمەرییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ساسانییەکان و گەیاندویەتیانە زۆر وڵاتی دوور و میللەتی جیا جیا.

**نەورۆز دوای هاتنی ئایینی ئیسلام:**

سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام، سەرەتای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان بوو، کە ئەو ئیمپراتۆریەتە هەر لە سەرەتاوە لەسەر دەستی (ئەردەشێری بابکان) دامەزرا و بە کورد بوون دامەزرا، ئەوەتا بەقسەی چەند لە مێژوونووسەکان (ئەردەوان)، پاشای پارس کە وەڵامی داخوازی ئەردەشێری تازە ئاڵا هەڵکردووی دایەوەو بە تووڕەیی و جوێنەوە لە نامەیەکدا ڕووی لە ئەردەشێر کرد و وتی:(کوردی لەنێو ڕەشماڵی کوردان گەورە بووی، لە سنووری خۆت چوویتە دەرەوە، مردنی خۆت نزیک کردۆتەوە، کێ ڕێگای بەتۆدا تاجی شاهی بکەیتە سەر و وڵات داگیر بکەیت و خەڵک بکەیتە ژێر دەستەی خۆت). هەر ئەم نامەیەو کورد بوونەشە وا لە (طبری) دەکات بنووسێ: دەبی حیسابی زنجیرە پاشایەکی کورد بۆ بنەماڵەی ساسان بکەین، ئەم بنەماڵەیەش، کە لە هۆزی گەورەو ناسراوی کۆنی کورد (شوانکارە_شبانکارە)ن و لە بنەماڵەی ناسراوی ساسانن، نزیکەی چوار سەدو سی ساڵ تەمەنی ئەم ئیمپراتۆریەتەی ساسانیان لەسەر پێ ڕاگرت و یەکێک بوو لە گەورەترین دەسەڵاتانی جیهان، کە زۆر جار دەستیان بەسەر شاری یۆناندا گرتووە و سنووری ئیمپراتۆریەتییەکەیان زۆر لە سنووری ئێران و عێراق گەورەتر و فراوانتر کردووە، چوار سەد و سی ساڵ تەمەنی ئەو ئیمپراتۆریەتەیە، پڕیەتی لە پاشای لێهاتوو، دادپەروەرو زۆردارو بێ کەڵک، لە ڕووی مێژوویییەوە، مێژووی ئەم ئیمپراتۆریەتە ئەگەرچی جیهانییە، بەڵام کورد لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر میراتگری ڕەوای ئەو مێژووەیە، کارێکی ئاسان نییە، ئەم مێژووە لە مێژووی میللەتی خۆمان بکەینە دەرەوە یان ئاگاداری نەبین و نەیناسین.

ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەگەڵ سەرەتای (فتوحاتی) ئیسلام دەستی پێکرد، ئەمەش کارێکی ئاساییە، هەموو هێزێک سەر هەڵدەداو ئەستوور دەبێ و دواجار دەڕووخێ، قەدەری ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیش لە سەردەمی هێزی فتوحات بوو، ئەگەر بمانەوێ لە ڕووی مێژوویییەوە هۆی ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە بەتەمەنە و سەرکەوتنی ئەم هێزە ئیسلامییە تازەیە بزانین، ئەوا دەتوانین لەم دوو ڕستەیەدا کۆی بکەینەوە، کە "ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە کۆتایی سەردەمی پیری و نەخۆشی خۆیدا بوو" کەچی دیارە "ئیسلامیش لەسەرەتای گەنجی و بەهێزی دابوو" هەر لە سۆمەرەوە، سۆمەری پێش چوونە خوارەوە جەژنی سەری ساڵ ١/١ "جەژنی ٢١/ی ئادار" سەری هەڵداو تا کۆتایی ساسانییەکانیش هەر بەردەوام بوو، هەموو ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتەی گشتگیر بوون یان ناوچەیی لە ئێران و میزۆپۆتامیا و دەوروبەری هەریەکە و بە جۆرێک و بە شێوەی خۆی ئەم جەژنەیان یادکردۆتەوە، بەتایبەت ساسانییەکان کردبوویان بە جەژنێکی دەوڵەتی لەم ڕۆژەدا دەڵێن: ئەردەشێری بابکان لەڕۆژی نەورۆز تاجی شاهی کردەسەر، جگە لە ئاهەنگ گێڕانی میللەت، بە فەرمیش دەبوایە میرو حاکمە ناوچەییەکان پەیمانی خۆیان بۆ پاشای ساسانییەکان نوێ بکەنەوە و دیاری پێشکەش بە پاشا و نێوەندە ئایینییەکان بکەن جا هەر لەکۆنەوە هەر دەسەڵاتێک حوکمی کوردستانی کردبێ، ئایینی بووبێ، نەتەوەیی بووبێ، سیاسی بووبێ، خۆماڵی بووبێ یان بێگانە، چونکە جەژنی نەورۆز جەژنێکی کۆن و پیرۆزی خەڵک بووە، ئەوا دەسەڵاتەکانیش ڕێزیان لەو جەژنە گرتووە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتەکە خۆماڵی بووبێ، ئەوا ئەو جەژنە زۆرتر بەڕێزەوە ئاهەنگی بۆ گێراوە، جا ئەم جەژنە میللی و حکومەتییە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی ساسانیان لە جەژن نەکەوت، ئەوەتا خەلیفەی ئیسلام (ئیمامی عەلی) "خوا لێی ڕازی بێت"، کە خواردنی تایبەتی نەورۆزی بەدیاری بۆ دێنن پاش ئەوەی خواردنە تایبەتەکەی نەورۆز دەخوات لە زاری خۆش دێ،

> **لەساڵی"١٨١٢"ی زایینیدا (جێمس مۆیەر) لە ئێران و لە سەروبەندی بەهار دەنووسێ: "کوردەکان چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زووحاکیان بە نواندن پیشاندەدا لە جەژنێکدا کە پێی دەڵێن"جەژنی کورد". ئەم جەژنی کوردەش هەمان جەژنی نەورۆزە کە ئەمڕۆ میللەتی کورد بە حەماسەتەوە یادی دەکاتەوە**

## گۆڕانکارییەکانی جەژنی نەورۆز لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ

| ڕۆژ | زەمەن | بۆنە | شوێن | میللەت | کەسایەتی | ناو | مانای جەژن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١/١ سەری ساڵی سۆمەری | ١٥ تا ١٢ هەزار ساڵ پ.ز | زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتار | زنجیرە چیاکانی زاگرۆس شاری هەولێر- ئەربیل- ئەشکەوتی شانەدەر | باپیرانی سۆمەرییەکان | خوداوەندەکان تەمموز و عەشتار | ڕۆژی زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتار | سروشتی ئەفسانەیی ئایینی کشتوکاڵی |
| ١/١ سەری ساڵی کوردی | ٦٠٠٠ تا ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پ.ز | یادی سەری ساڵی زیندووبوونەوەی تەمموز | شاری هەولێر- ئەربیل- ئور ئوروک ورکا | سۆمەرییەکان | کاهینەکانی ئایینی | سەری ساڵ زگمەک | سروشتی ئەفسانەیی کشتوکاڵی ئایینی |
| ٣/٢١ سەری ساڵی زایینی | ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز تا ٢٢٤ زایینی | سەری ساڵ جەژنی نەورۆز | زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کوردستان و ئێران | زنجیرەچیاکانی پارتی و ئاشووری و بابلی | پاشار پاشاژن و کاهین | ڕۆژی نوێی جەژنی سەری ساڵ- جەژنی نەورۆز جەژنی بەهار | سروشتی مێژووی کلتووری ئایینی |
| | ٢٢٤ی زایینی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ | جەژنی نەورۆز- جەژنی کورد | کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵات | کورد و فارس و ئێرانییەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان | خەڵکی ئاسایی و لەیاری "میری نەورۆزی" | جەژنی کورد- جەژنی نەورۆز | جەژنێکی مێژوویی کلتووری نەتەوەیی کوردی |



(لە خوای خۆی دەپاڕێتەوە، کە خودا هەموو ڕۆژێکیان بکات بە نەورۆز).

هەرچەندە وا پێدەچی، کە خەلیفە ئاهەنگی نەورۆزی بە چاوی خۆی نەدیبێت، بەڵکو هەر لەرێی خواردنە خۆشەکەی نەورۆزەوە هەستی بە خۆشی نەورۆز کردبێ، ئەوەتا لە خوا دەپاڕێتەوە، کە هەموو ڕۆژێکیان بکات بە نەورۆز، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە نەورۆز بەو پیرۆزی کۆنییەی، کە هەیە هەیبووەو توانیویەتی خۆی ڕابگرێ و دانی پێدابنرێ، ئەگەر خەلیفەی موسڵمانان هەر تەنیا لەرێی خواردنە تایبەتییەکەوە نەورۆزی لا خۆش دێت و دوعای هەموو ڕۆژێک نەورۆز دەکات، ئەوا (بابا تاهیری هەمەدانی) وەک سۆفییەکی گەورە و خواناسێکی عاشق و ئیماندارێکی بێگەرد، ڕۆژی گەیشتنی خۆی بە "یار" (خودا)ی خۆی بە خۆشی ڕۆژی نەورۆز دەچوێنێ، دەڵێ:(ئەگەر من بۆم بکرێ بەتۆ بگەم، ئەوا هەموو ڕۆژێکم، ڕۆژی جەژنی نەورۆزە). باباتاهیر لە شیعرەکەدا دەفەرمووێ:

**جودا ئەز روویەت ئەی ماهی دل ئەفرۆز**
**نەرۆز ئەز شەو شناسەم نە شەو ئەز رۆز**
**ویسالت ئەگەر مەرا گەردەد مەیسەر**
**بووەد هەر رۆزێ مەن چۆن عیدێ نەورۆز**

لێرە دەبێ ئەوە بزانین، ئەوا ئەوە هەیبەت و خۆشی و شادی گەورەیی "عیدێ نەورۆز" جەژنی نەورۆزە، وای لە سۆفییەکی ئیمانداری وەک (بابا تاهیر) کردووە، کە گەیشتنی خۆی بە "یار" (خودا) بەخۆشی ڕۆژی نەورۆز بچوێنێ، ئەوەش بۆمان دەردەخات، کە لەسەردەمی بابا تاهیریش، کە دەکاتە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی، هێشتا (نەورۆز) هەر ڕۆژێکی خۆش و جەژنێکی پیرۆزە و بۆ ئەوە دەشێ، کە موسڵمانێک خۆشی بە خودا گەیشتنی خۆی بە خۆشی ڕۆژی جەژنی نەورۆز بچوێنێ، کە ئەم پێچواندنە بۆ کەسێکی موسڵمان و ئیماندار گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە بابا تاهیر وەک کوردێک، کە خۆی لە منداڵییەوە هاوبەشی لە جەژنەکانی نەورۆز کردووە و یادەوەری پڕە لەدیمەنە جوان و لەبیر نەچووەکان، بە هەموو هەستەکانییەوە هەستی بە جوانی و خۆشی و لەزەتی نەورۆز کردووە و هەمووی لا جوان و پیرۆز بووە، وەک بینینی دیمەنە جوانەکان و بیستنی ئاوازە خۆشەکان و خواردنی خواردنە بەتامەکان و هەڵمژینی بۆنە خۆشەکان و هەستکردن بەمانا گیانییەکانی جەژنی نەورۆز، نەک وەکو ئیمام هەر تەنیا لەرێی تامی خۆشی خواردنی تایبەتی نەورۆزەوە بە نەورۆز ئاشنا بووە، دەکرێ نموونە لە شیعری زۆر شاعیری کورد بهێنینەوە، کە بە گەورەیی و خۆشی پیرۆزی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیاندا هەڵگوتووە، بەڵام لە نێو نەورۆزی شاعیراندا کۆتایی بە شیعری داستانی "مەم و زین"ی (ئەحمەدی خانی) دەهێنین و شاعیرانی نەورۆز بە خودای نەورۆز دەسپێرین.

### تەمووز و عەشتار= مەم و زین

ئەحمەدی خانی شاعیری گەورەی کورد، لە مەم و زیندا لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ تەمووز و عەشتار پێک دەچن. هەر لە سەرەتاوە چیرۆک لە "ڕۆژی نەورۆز ٢١/ئادار" (سەری ساڵ) دەست پێدەکات، خانی دەفەرمووێ:

**ڕۆژا کو دەبویە عیدێ نەورۆز**
**تەعزیم ژ بۆ دەما دل ئەفرۆز**

ئەگەر تەمووز لە نەورۆزدا زیندوودەبێتەوە، ئەوا (مەم و زین) لەورۆژەدا ئەرکی ژین و دین تەواو دەکەن و هەریەک بەدوای ڕەگەزی بەرامبەردا دەگەڕێن و ئەم ژن خواستن و شووکردنەی مەم و زین زۆر لەپێکگەیشتنی پیرۆز (زواج مقدس) دەچێ، ئەگەر لە ڕۆژی نەورۆزدا پاشاکان و کاهینەکان و ژنە پاکیزەکان خۆیان دەگۆڕی و بە ئەدای ئەرکی پێکگەیشتنی پیرۆزەوە خەریک دەبوون، ئەوا (مەم و زین)یش بە خۆ گۆڕین و بەدوای یەکتردا گەڕان ئەمە دەکەن، مەم بەرگی کچان دەپۆشی و زین بەرگی کوڕان، ئەم خۆگۆڕینەش زۆر لە خۆ گۆڕینی پاشا و کاهین و ژنە ئیماندارەکان دەچێ، کە دواتر چیرۆکی (عەشتار و تەمووز)یان بەرجەستە دەکرد، لە کتێبی "ئایینی سۆمەری" دکتۆر خەزعەل ئەلماجدی دەنووسێ:"بەڵام، سروشتی "زواج مقدس" ئەوەی کە تایبەت بوو بە پادشاکان، ڕیشەکەی بۆ ئەفسانەی "تەمووز و ئینانا= عەشتار" دەگەڕێتەوە، پاشا ڕۆڵی تەمووزی دەگێڕاو کاهینەی مەزن ڕۆڵی ئینانا، ئەمەش لە سەرەتای ساڵی سۆمەری کە دەکاتە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک بەڕێوە دەچوو)(ل١٥٨).

جگە لەوەش ژیانی مەم دوای ناسینی زین، ئازار و بەندکردن و تا دواجار مردنیش، زۆر لە ژیانی پڕ کارەساتی تەمووز دەچێ و چوونە خوارەوە (بن دنیا)ی تەمووزیش وەک ژیانی نێو بەندیخانە و زیندانی کردنی مەم وایە.

ئەم هێڵە ڕەسەن و تەواوە، کە لەسەرەتای هەردوو بەسەرهاتی (تەمووز و عەشتار) و بەسەرهاتی (مەم و زین)دا دەست پێدەکات و هەتا کۆتایی هەردوو بەسەرهات بەردەوام دەبێت، ئەمە هەر ڕێکەوت نییە! کە (ئەحمەدی خانی) شاعیر بەکاری هێنابێ، بەڵکە ئەمە ئەنجامی ئەو مێژووە دوور و درێژ و پیرۆزەی عەشتار و تەمووز و جەژنی نەورۆزە، کە لە یادەوەری هەر تاکێکی ئەم وڵاتە ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەوە هەیە هەموو تاکێک شاعیر نییە، هەموو شاعیرێکیش (ئەحمەدی خانی) نییە، خۆ ئەگەر لەوەش زیاتر ئەحمەدی خانی بە لێکدانەوەو هەڵبژاردن، ئەمەی کردبێ، ئەوا خاڵێکی تری گرنگ و گەشی داهێنانی خانییە، کە چیرۆکێکی کۆن و پیرۆز و پڕ کارەساتی هەڵبژاردووە و لە ڕۆژێکی جەژن و مێژوویش دەست پێدەکات.

ئەحمەدی خانی هەرخۆی جارێک دەڵێ: هەرچی هەیە پاکیزەیی داهێنانی خۆمە. جارێکیش دەڵێ: هەرچی هەیە وەرم گرتووە و کۆم کردۆتەوە، لەڕاستیدا هەردووکیانی کردووە، واتە هەم داهێنانی خۆیەتی و هەم وەریشی گرتووە، بەڵام هێندە هەیە لە هەردوو باراندا خانی هەر داهێنەرە، وەرگرتنەکەشی هەر لە داستانی "مەمی ئالان"ی وەرگرتووە، کە بە سەدان ساڵ پێش خانی لەنێو خەڵکدا گێڕدراوەتەوە.

لەوەی کە لەڕۆژی جەژنی نەورۆز دەستپێدەکات دەنووسێ:

**دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فەیرۆز**
**دیسا کو نوماژ نوڤا نەورۆز**

لێرە خانی جەژنی نەورۆز تەنیا لە نێو ساڵنامەی مێژوودا نابینێ، بەڵکە ڕۆژی نەورۆز لای ئەو بەشێکە لە پێکهاتەی فەلەکی، ئەوە مێژوو نییە، (نەورۆز)ی دروستکردووە، بەڵکە ئەوە نەورۆزە، کە بەشێکی دانەبڕاوو بەردەوامە لە پێکهاتەی فەلەکیدا، چونکە خول و سوڕانی فەلەک ئەوەتە لە نوێوە نەورۆزی خستە بەرچاو و دڵان، هەر بۆیێ لەسەر بنەمای ئەو عادەتە پیرۆزە، کە عادەتێکی کۆنە، خانی ئەمڕۆژە، ڕۆژی جەژنی نەورۆز لە (شەهری) خەڵکی شار و مەدەنییەکان هەروەها (سوپاهیان)، واتە لەشکەری و عەسکەریان پێکەوە پیرۆز دەکات، بە مانایەکی تر، خانی جەژنی نەورۆز لە حکومەت و خەڵک پیرۆز دەکات، چونکە جەژنی هەموانە، ئەم جەژن و سەری ساڵە، جەژنی منداڵ و جوان و پیر و کاڵانە لەم جەژن و سەرە ساڵەش کوڕی تازە پێگەیشتوو و کچی تازە خۆ ناسیو، هەر یەکەیان بەدوای ئەویتریان دەگەڕێن، بە دوای (یەکتر خواستنی پیرۆز) کە لەنێو ئەم پێک گەیشتن و یەکتر خواستنەش جووتبوونی پیرۆز (زەواج مقدس) هەیە، بەڵێ: خانی دوای هەزاران ساڵ جارێکی ترو بە داهێنانێکی تر داستانی پڕ کارەسات و تراجیدیای (تەمووز و عەشتار) لەبەرگی (مەم و زین)دا دەنووسێتەوە، ئەگەر جەژنی نەورۆز هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٣/٢١ دا پیرۆز دەکرێتەوە، کەچی خانی پاش هەزاران ساڵ جارێکی تر داستانی (تەمووز و عەشتار) لە (مەم و زین)دا بەرجەستە دەکات و جارێکی تر ئەم داستانە پیرۆز دەکاتەوە، بەڵێ: ئەگەر داستانی (تەمووز و عەشتار) لە نێو سۆمەرییەکان و لە وڵاتی سۆمەرستان "سۆمەرستانی پێش چوونە خوارەوە" سەرهەڵدەدات، ئەوا داستانی مەم و زین بە داهێنانی خانی و لە وڵاتی کوردستان و لە هەمان جوگرافیادا جارێکی تر داستانی (تەمووز و عەشتار) نوێ دەکاتەوە.

### نەورۆز و کاوەو ئەژیدەهاک:

نەورۆز بەهۆی کتێبی (شاهنامە) و (فیردۆس)ی شاعیر ڕووداو و مێژوویێکی دەقگرتوو و بەرجەستە کراوە و ئەم چیرۆکە بووە بە ڕاستییەک!! دەیان و سەدان شیعر و چیرۆک و نووسین و وتاری سیاسی، لەسەر دامەزراوە و بەردەوامیش دادەمەزرێ! ئەرێ لەنێو مێژوودا ٢١/ی ئادار (٧٠٠) پێش زایین لە چییەوە هاتووە؟ کاوە چ کەسێکە؟ ئەژیدەهاک چ پادشایەکە؟ ئەمانە چۆن یەکیان گرتووە و ئەم جەژنە و ئەم مێژووە و ئەم شانازییەیان پێکهێناوە؟ هەرچەندە زۆر لێکدانەوە بۆ کاوە و ئەژیدەهاک کراوە، بەڵام هیچیان ئەوەندی دەقی (فیردۆس)ی بڵاو نەبوونەتەوە و ناوبانگی جەماوەریان وەرنەگرتووە و بەڕاست نەزانراون، ئەگەر ٢١/ی ئادار وەکو لە پێشتر باسمانکرد، مێژووەکەی بۆ سۆمەرییەکانی پێش چوونە خوارەوەی عێراق دەگەڕێتەوە. لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاین جارێکی تر دەمەزەرد کراوەتەوە، ئەی (کاوە) چ کەس و پاڵەوانێکە؟ لەوەی کە تا ئێستا (ئەژیدەهاک) بەم شێوە ئەفسانەییەی کە هەیەتی بە ئەستیاگ پادشای مادەوە بەندکراوە، ئەوە سەرکەوتنی (کورش) بەسەر ئەژیدەهاک لە ساڵی (٥٥٠) پێش زاین بووە، نەک (٧٠٠) پێش زاین، (٧٠٠)ی پێش زاین دەبێ مێژووی سەرەتای دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی "مادابێ" لەسەر دەستی "دیاکۆ"، بۆ ئەوەش، کە ئەژیدەهاک چۆن پادشایەک بووە؟ (حەبیبوڵڵا تابانی) لە کتێبی (یەکێتی نەتەوەیی کورد و ماد): دا دەنووسێ:(لە هەموو ئەوەی کە نووسەر مەبەستی خۆیەتی خوێندوویەتییەوە زۆرتر بە ئەو ئەنجامە گەیشتووە، کە ئەژیدەهاک پیاوێکی دڵپاک و لایەنگری خەڵک بووە) "ل١٨٣" جگە لەوەش هەندێ ـە مێژوونووسان دەنووسن، کە هیچ پادشایەک لە مێژوودا ـەوەندەی "ئەستیاک"ئەژیدەهاک، ـەدری لێ نەکراوە و ڕاستی ـەبارەیدا نەشێوێندراوە، بە کورتی ئەستیاگ ئەو ئەژیدەهاکە ـان سەر بەمار و زاڵم و ـوێن خۆرە نییە، کە تا ئێستا ـێی ناسراوە، واتە ئەستیاک ـاشایەکی خۆشەویستی (ماد)ەو ـە ڕەگەزێکی تر نییە، ساڵی شکانەکەشی بەدەستی (کورش) ساڵی (٥٥٠)ی پێش زایینییە، نەک (٧٠٠) پێش زایینی، شکانەکەش شکانی ئیمپراتۆریەتی (ماد)ە، نەک سەرکەوتن، بەدەستی (کۆرش) بوو، نەک (کاوە).

باشە "کاوە" چ کەسێکە؟

مێژوونووسان، نە لە مێژووی ماد و کورش نە لە پێشتر و نە لەدواتر باسی کەسێک ناکەن، کە ناوی "کاوە" بێت!!

> **ئەم تقوسی تەمووزی و تەمووز پەرستییە، ئەگەر بە وردی سەیری جوگرافیای ڕووداوەکانی بکەین و وەک (شوێن لە چیرۆکدا) بە گرنگی بزانین، ئەوا جوگرافیای ڕووداوی عەشتارو تەمووز لەسەرەتا جوگرافیایەکی شاخاوییە و ئەشکەوتی تێدایە، ئەو کوردستانەش پڕە لە چیاو ئەشکەوت**



(ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:(ئێمە زۆر دەبینین، کە باسی پاڵەوانێکی کورد دەکەن بە "کاوە" ناسراوە، ئەوەی کە ئاسنگەر بوو، کاتێک بەسەر هێزی شەڕدا سەردەکەوێ، ئاهەنگی بەهار ساز دەکات) "ل٧٣"، ئەوە "کاوە"ی ئاسنگەرە، هێندەی لەنێو زەینی عامەی خەڵکدا هەیە و بووە بە حەقیقەت، کەچی لەنێو مێژووی ناوچەکە و کوردیشدا بەڵگە دەستناکەوێ، جگە لەوەی لەنێو مێژوودا "کاوە"یەک نییە! نابێ کوردیش شانازی بەو کەسەش بکات، کە (ئەستیاگ) پاشای مادی رووخاندووە؟! چونکە ئەگەر ئێمە ماد بە کورد دەزانین، نابێ رووخانەکەی و کەسی رووخێنەرەکە جێگای شانازیمان بن، ئەگەر بشمانەوێ شانازی بە پاشا و سەرکردەی رابردوومانەوە بکەین، ئەوا کەسانی مێژوویی و راستەقینە هەن، شانازییەکەشیان بەشێکی گرنگە، لە شانازییەکانی مێژووی کورد، بۆ "کاوە"ش ئەگەر کاوە ئەو کەسە بێ، کە پاشای ماد دەسەڵاتی مادی لەنێو بردبێ، ئەوا ئەو "کاوە"یە نە کوردە و نە جێگای شانازییە، بەڵام مێژوو بە شێوەیەکی تر ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆشدەکات، کە "کاوەی ئاسنگەر" دروست ببێ.

(ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:(لە دەقە بزمارییەکاندا هاتووە، کە خوداوەندێکی ئاسن توانەوە و ئاگر بەناوی (کیبیل) هەبووە و بە ئەکەدی (کیرو)ی پێدەگوترا، ئەوەی، کە رووناکی دەخستە جێگای تاریکی و داوی دزەکانی هەڵدەوەشاندەوە و مەعدەنەکانی دەتواندەوە، ئەوا لە (٤٣٥٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ بووە، با ئێستا بپرسین، کە ئەگەر ئەمە "کاوە" بۆخۆی (کیبیل)بێت، کە زۆر جار ناوی بە شێوەی (کابی) و (کابیان) هاتووە، "ل٧٨".

سەیردەکەین جگە لە پێک چوونی ناوی "کاوە" و "کیبیل" لە پیشەکەشدا هاو پیشەن "کاوە"ی پاڵەوان ئاسنگەرە، ئاسنگەریش ئاگری گەشە و لە گڕە!، "کیبیلی"ش خواوەندی ئاسن و توانەوەو ئاگرە، ئاسن توانەوە و ئاسنگەریش هەر یەک پیشەیە، ئاگریش لە هەردووکیاندا هەیە، جگە لەوەی، کە "کیبیل"ی خوداوەند، خواوەندی ئاگریشە ئەو ناوی خوداوەند بووە، بە ناوی کەسێک بە ناوی "کاوە" وەک ئەوەی، کە ناوی (ناهید، ناهیدە)ش لە ناوی خوداوەند (ئەناهێنا) کەوتووتەوە و ئێستاش خەڵک هەن بەو ناوەوە، وەک ئەوەش خەڵکانێکیش هەن ناویان "کاوە"یە، جگە لە هەموو ئەمانە هەر ئێستا لە کوردستان عەشیرەتێکی گەورە و دیار هەیە بە ناوی (کاوانی- کەیانی) کە دەکرێ پەیوەندیەک لە نێوان ئەم ناوانەدا هەبێ و بگەڕێنەوە سەر یەک، ئێمە وا چاکە دان بەوە دابنێین، کە چیرۆکی "کاوە"و ئەژیدەهاک چیرۆکێکی ئەفسانەییە: ئەفسانەش خاوەنی هێزێکە بە ئاسانی دەتوانێ جێگۆڕکێ بە کەسایەتی و زەمەنەکان بکات، زۆر ئاساییە خوداوەند ببێتە پاشا و ببێتە پاڵەوان. ئەگەر ئەفسانە بتوانێ بە ئاسانی کەسایەتی خۆشەویست و پیاو چاکێکی وەک ئەستیاگی پاشای (ماد)ەکان بکاتە پاشایەکی زاڵم و خوێنڕێژ و ناحەز، بە ئاسانیش دەتوانێ خوداوەندی کیبیل خوداوەندی ئاسن توانەوە و ئاگر بکاتە "کاوە"ی ئاسنگەری پاڵەوان و بهێنێتە نێو مێژوویێکی سەر لەبەر دروستکراو، چونکە ئەفسانە لە گۆڕینی کەس و شوێن و نەتەوە و چین و زەمان و ڕەگەز و ناو و شێوە و ئاییندا دەستکراوەیە، سەیرکە لە ئەفسانەی "کاوە"و ئەژیدەهاکدا چەند گۆڕینێکی کردووە.


تەمووزو عەشتار

## ئەگەر ئەفسانە بتوانێ بەئاسانی کەسایەتی خۆشەویست و پیاوچاکێکی وەک ئەستیاگی پاشای (ماد)ەکان بکاتە پاشایەکی زاڵم و خوێنڕێژو ناحەز، بەئاسانیش دەتوانێ خوداوەندی کیبیل خوداوەندی ئاسن توانەوەو ئاگر بکاتە "کاوە"ی ئاسنگەری پاڵەوان و بهێنێتە نێو مێژوویێکی سەر لەبەر دروستکراو

*** گۆڕانی ئەستیاگ:**

**- ئەستیاگی لە پاشایەکی (ماد)ەوە کردووە بە ڕەگەزێکی تر.**

**- لە پاشایەکی خۆشەویستەوە کردوویەتی بە زاڵم.**

**- لە مرۆڤێکی ئاساییەوە، نەخۆشی خستووە و دوو ماری لەسەر شاندا ڕواندووە.**

**- لە مرۆڤێکی ئاساییەوە، لە ڕووی تەمەنەوە کردوویەتی بە پاشایەکی تەمەن هەزار ساڵەیی.**

*** گۆڕانی "کاوە"**

**- لە کیبیلی خوداوەندەوەی سۆمەرەوە کردوویەتی بە مرۆڤ.**

**- لە خوداوەندییەوە کردوویەتی بە پاڵەوانێکی کورد.**

**- لە زەمەنی (٤٣٥٠) ساڵییەوە هێناویەتە (٥٥٠) پێش زاینی، واتە (١٨٠٠) ساڵ هێناویەتە دواوە.**

ئەمانەو زۆر وردەکاری تر، هەر بۆیە کاتێ مێژوو دێتە نێو ئەفسانە، دەبێ لە گواستنەوەیدا جارێکی تر بۆ نێو مێژوو زۆر ئاگاداری گۆڕانەکان بین.

دواجار لە خوێندنەوەی مێژوو، کەسایەتییەکان و هۆی دروستبوونی نەورۆز دەگەینە چەند ئەنجامێک، هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەم ئەنجامانە بەو مانایە نییە، ئیتر ئەم بابەتە دادەخرێ و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی تر هەڵناگرێ، نا، نەخێر! بابەتێکی گرنگی وەکو نەورۆز بەو پیرۆزەی و مێژووە دوورو درێژ و ئاڵۆزەی، کە هەیەتی زۆر ڕاو بۆچوون و لێکۆڵینەوە و ئەنجامی جیا جیا هەڵدەگرێ، لێرەوە ڕوو لە پسپۆڕ و زاناو شارەزا و لێکۆڵەرانی دڵسۆزی خۆماڵی و بیانی دەکەم، ڕای خۆیان چ بە هاوڕایی و چ بە هەر شێوەیەکی تر دەربڕن و ئەم بابەتە گرنگ و ناسکە بەرەو ساغکردنەوەی نەورۆزی کورد ریشەکەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی داستانی خوداوەندان عەشتار و تەمووز دەگەڕێتەوە، کە بەڕای من زەمەنەکەی، زەمەنی کشتوکاڵی ئەشکەوتەو لەنێو "١٢ تا ١٥"هەزار ساڵ دایە.

- ١/ی نەورۆزی (٧٠٠) پێش زایین ڕۆژی ڕووخانی ئەژیدەهاک، زووحاک نییە، لەوە دەچێ وەک ڕۆژی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ماد داندراوە و ئەم مێژووەش بۆ پاشای ماد (دیاکۆ) دەگەڕێتەوە، نەک "کاوە" و "زووحاک"، واتە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ماد کراوەتە جەژن و ئەفسانە، کە باسی ڕووخانەکەی دەکات.

- ئەستیاگ، زووحاک، ئەژیدەهاک، پاشایەکی ڕەگەز بابلی و زاڵم و مار لەسەر شان و تەمەن هەزار ساڵەیی نییە، بەڵکە پاشایەکی مادی خۆشەویست و مرۆڤێکی تەمەن ئاساییە.

- "کاوە"ی ئاسنگەر، لە مێژوودا وەک مرۆڤ و پاڵەوان کەسێکی بێ بنەمایە و بەو ڕۆڵەی، کە بۆی داندراوە نابێت کورد بێت و زۆرتر نزیکە لەو گۆڕانەی، کەبەسەر خواوەندی کیبیلدا هاتووە، لە خوداوەندی ئاسن توێنەوە و ئاگر کراوە بە "کاوە"ی ئاسنگەر.

-زەمەنی "کاوە" بەپێی ئەفسانەکە دەبێ لە (٥٥٠)ی پێش زایین بێ، کەچی سەرەتای ئیمپراتۆریەتی ماد لە (٧٠٠)ی پێش زاین نزیکە، کەچی خوداوەندی کیبیل بۆ زیاتر لە (٤٣٥٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

- سەری ساڵی کوردی ١ی نەورۆز کە دەکاتە ٢١/ی ئادار ڕۆژی ژیانەوەی تەمموز جەژنێکی ئایینی سرووشتییە، کە تەمەنەکەی بۆ پێش مێژوو و پێش ئەشکەوت نەهاتبوونە دەرەوە و گوندیان دروست نەکردبوو.

٢١/ی ئادار و ١/ی نەورۆز، وەک جەژنێکی کۆن لەگەڵ مێژوودا ناوو شێوەی ڕێوڕەسمی گۆڕانی دروست ببەن.

*** ئەنجامەکان:**

- ١/ی نەورۆز، کە دەکاتە ٢١/ی ئادار ڕۆژی ناسراوی جەژنی چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ئەو ڕۆژگارەی، کە سۆمەرییەکان هێشتا لە کوردستان بوون و لە بەسەردا هاتووە، کە لە جەژنێکی ئایینی ئەفسانەییەوە بووە بە جەژنێکی واقیعی و نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو زۆر وڵات و نەتەوەی تریش ئەم جەژنە بەشێوەی جیا جیا یاد دەکرێتەوە، ئەمەش ئاساییە چ سۆمەرییەکان لەسەدەی خۆیان کە وڵاتێکی فراوان و دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، جەژنی خۆیان بۆ زۆر نەتەوە و وڵاتی تر بردووە، چ میراتگرەکانیان ئەوانیش جەژنی نەورۆزیان بە دنیادا بڵاوکردۆتەوە.

- نەورۆز جەژنێکە لەسەردەمی سۆمەرییەکان یەکەم جار سەری هەڵداوە و لە وڵاتی سۆمەردا بووە، دواجار ئەم میللەتە واتە سۆمەرییەکان بەشێکن لە پێکهاتەی کورد و هەر میللەتی کوردیش وەک نەتەوە و لە هەمان وڵات درێژەیان بەم جەژنە داوە و لە جەژنێکی ئاینی سرووشتی کشتوکاڵییەوە کردوویانە بە جەژنێکی نەتەوەیی.

- ئێستا نەورۆز جەژنێکی حەڵاڵی نەتەوەی کوردە و هەر خۆی خاوەنییەتی، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر زۆر هۆ ئێستا زۆر نەتەوەی تریش ئەم جەژنە یاد دەکەنەوە و بە هی خۆیانی دەزانن، ئەمەش کارێکی ئاساییە، بەڵام لە ڕووی جوگرافیاییەوەو سەرهەڵدانی مێژووییەوە کورد لە هەمووان زیاتر خاوەنییەتی.

- ١/ی نەورۆزی (٧٠٠)ی پێش زایین، ئەم مێژووە، مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جەژنە نییە، بەڵکە لەم مێژووەدا جارێکی تر پیرۆز کراوەتەوە و تێکەڵ ڕووداوێکی گرنگی نەتەوەیی کراوە، بەڵام دەکرێ لە نێو مێژووی کورددا بەدوای بۆنە و ڕووداوی کۆنتر و گرنکتردا بگەڕێین، بۆ ئەوەی مێژووی کورد لەوێوە دەست پێبکات، چونکە میللەتی کورد لەو مێژووە کۆنترە، کە بۆی داندراوە.

- ١/ی نەورۆز ڕۆژی زیندووبوونەوەی تەمموز، کە دەکاتە ٢١/ی ئادار، ڕۆژی سەری ساڵی کوردە و ئەم ڕۆژە سرووشتییە، وەک ئەحمەدی خانی بە بەشێک لە پێکهاتەی فەلەک و زەمانی دەزانێ، لەسەردەمی کشتوکاڵی و لە سرووشتەوە زۆر بە وردی دەست نیشان کراوە، (ساڵ و سەدە و هەزارە)کەی دەکرێ بگۆڕدرێ، بەڵام ١/ی نەورۆز، ٢١/ی ئادار هەرگیز قابیلی گۆڕان نییە.

دواجار دەکرێ مێژوونووس و لێکۆڵەران ساڵ و سەدەو بۆنەیەکی تر لە مێژوودا بدۆزنەوە و زانستیانە بیکەن بە ڕووداو و مێژووی کورد، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە بسڕێتەوە، کە هەزاران ساڵە خۆی خزاندۆتە نێو یادەوەری خەڵک، چونکە هێندەی مێژووی ئەفسانەیی لە نێو ڕەشە خەڵکدا ڕەواجی خۆی هەیە، ئەو خەڵکە مێژووی ڕاستەقینە بەو نرخە ناکڕن، ئەمەش کارێکی ئاساییە و میللەتان هەمووی هەر بەم شێوەیەن و ئەمەش تایبەت نییە تەنیا بە میللەتی کورد.

- لەڕووی ناوەوە ئەم جەژنە چەند گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، سەرەتا جەژنی "ژیانەوەی تەمموز" بووەو دواتر بووە بەجەژنی "زگمەک" بەزمانی سۆمەری کە دەکاتە "سەری ساڵ" هەروەها جەژنی "ئەکیتۆ" و هەروەها جەژنی بەهار و ڕزق و جەژنی کورد و جەژنی نەورۆز، کە ئەمەی دواییان ئێستا لەهەموو دنیا بەم ناوە ناسراوە.

جارێکی تر لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەر شیعرە نەمرەکەی پیرەمێردی شاعیر و دەڵێم: نەورۆز ڕووداوی هەر ساڵێک بێت و لە هەر جۆرە چیرۆکێکەوە سەری هەڵدابێ و زۆر وڵات و میللەتی تر بەهی خۆیانی بزانن و ساڵانە ئاهەنگی بۆ بگێڕن، ئەوا لە ڕاستیدا هیچیان هێندەی میللەتی کورد بەڵگەی مێژووییان بەدەستەوە نییە، بۆ سەلماندنی خاوەندارییەتییەکە، هەر بۆیە ئێمەی کورد هەموو ساڵێکی تازە و لە شەوی نەورۆز هەموومان پێکەوە شیعرە مەزنەکەی شاعیری گەورەی کورد "پیرەمێرد" بە دەنگی ڕەسەن و زوڵاڵی هونەرمەندی گەورەی کورد، نەمر (حەسەن زیرەک) لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکان و لە نێو دەشتە بە پیتەکان و لەسەر شەقام و گۆڕەپانی شارەکان لە هەموو کوردستان دەنگ هەڵدەبڕین و دەڵێین:

**(ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە).**


پاشا گودیا

# Ji bo Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî

## Babet: Bi cîhanî kirina cejna Newroz û ji bîr kirina gelê Kurd





**Daxwazkar, nivîskar û Lêkolîner**
**Dr Mewlud Îbrahîm Hesen**
**5 / 3 / 2010**
**Iraq - Kurdistan - Hewlêr**
**Zanîngeha Selahedîn - Hewlêr**

Tilav...
Rêzdaran, li van rojên derbasbûyî dezgehên ragihandinê li Kurdistanê nûçeya wê yekê belav kirin ku rêxistina we (Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî" biryara bi cîhanî kirina cejna Newrozê daye û ji îsal ve "2010" êdî salane cejna Newrozê wekî cejneke cîhanî bête pêşwazî kirin. Li demek de ji dil ve pîrozbahiya vê karê girîng û pîrozbahiyê li we dikîn û dibêjîn: Birastî cejna Newroz bi vê dîroka xwe ya dûr û dirêj ku heye wekî kevintirîn cejn hatiye nasîn û berdewamiya mirovayetiyê ye. Her wiha bi sedema rêwresma pir li aştî û birayetî û mirovayetiyê ve ku bibe cejneke cîhanî û hemû mirovayetî li vê rojê da hevparê xweşiyên vê cejnê bike.
**Rêzdaran**, lê belê ewê ku cihê daxê ye, nayê zanîn li ser bingeha çi lêkolîneke zanistî û dîrokî ev biryar hatiye dayîn û her wiha bi hêsanî we "nivîsiye" festîvaleke bihariye û jêdara wê jî Îranî- Farisiye". Ewê rastî eweye ku gelê Faris jî vê cejnê ji gelê Kurd wergirtiye. Ev biryara girîng û mezin wiha diyare bi awayeke tevahî û rêkûpêk nehatiye lêkolîn kirin, ne xwe rastiya dîroka vê cejnê ne wendaye û sax buye. Ev cejin ne "Jêdereke Farisiye" û ne "bi temena sê hezar sale" ji ber ku jêdera xwe ji destanî "Temmûz û Eştar" veye û Temmûz û Eştar jî rîşeya xwe ji bapîrên Sumeriyan digre û temena wê li gel serhildana "Çandina Şikeft" ve "15 heta 12" hezar sal berî zayînê ve vedigerê. Berî ku Sumerî dema çûne xwarê ya Iraqa îro, ji ber ku ew sax buya Sumeriyan li Kurdistanê ve çûne xwarê û eve ye "Ansiklopediya Britanî" di der barê dirust kirina bajarê "Hewlêr- Erbîl" de wiha dinivîse:"Bajar bapîrên Sumeriyan dirust kiriye", Her ew Sumerîne jî ku çûne xwarê û ol û dab û nêrît û şaristaniyeta xwe li gel xwe birine, yek ji wan rêwresmên ku salane peyrew kirine, rêwresma pêşwaziya cejna zîndî bûna "Temmûz û Eştar" buye ku li roja 1/Newrozê serê sala niha ya Kurdî û 213/ sala zayînî ya niha ye û ev serê sala Kurdî jî heman serê sala Sumeriyane. Ji bilî wê yekê ku cihê serhildana destana "Temmûz û Eştar" Kurdistana îroye û roja cejin jî heman roje. Ev rêwresma Newroz kirinê jî li Kurdistanê, her ew rêwresme ku Sumeriyan peyrew kirine. Eve lêkolînerê cihûwarnas "Henry Frankfort" li sala 1930 da bi çavê xwe li bajarê Musilê li şeva Newrozê yariya karkerên Kurdan dîtiye û bala wî kişandiye û paşê jî lêkolînekî bi navê "Tiqusî Temmûzî li Kurdistan - Tamuz Ritwals Kurdistan" de nivîsiye. Li vê lêkolînê da zanistiyane digihe wê encama ku Kurdan li Newrozê da bi heman awayî pêşwazî dikin ku Sumeriyan pêşwaziyê li cejna "Zegmek"ê dikirin ku cejna zîndûbûna Temmûz û Eştare, heman ew roj û ev cejne ku niha jêra dibêjin "Newroz".

**Rêzdaran**... Em wekî lêkolerên Kurd, bi navê zêdetirê ji "Çil Milyon" Kurd gileyiyê li we dikîn ku li vê biryarê da gelê Kurdistanê hatiye piştguh xistin û dîrok û cejna kevin jî we daye gelê Faris û mohra piştgîriyê jî we lê daye. Eve jî kareke li gel rastiya dîroka zanistî û yasaya mafê gelan ve naguncê. Eger Kurd heta niha dewleta xwe tûne û eger Hikûmeta Herêm îro karên bi vî awayî ve ranagihe, eve hun û rêxistina we, "Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî" diviya vê neheqiyê li gel zêdetirê çil milyon Kurd neke. Birayên me yên hevsû û cîranên me axa me dagîr kirine, eve hun wekî rêxistineke cîhanî û xwedî biryar "Cejn û dîrok"a me jî bi dagîr kirinê didin û bi fermî jî piştgîriya vê dagîr kirinê dikin û dikin bi rojeke cîhanî, bi rastî ev karê we bi tevahî li gel peyama rêxistina we nakoke, eger rêz li cejna Newroz digrin! divê rêz li wê ax û neteweyê jî bigrin, ku ev cejn li ser vî axî serî hildaye û neteweya wî parastiye û her li vê Kurdistanê jî li dinyayê da belav buye.
**Rêzdaran**... Eger îro cejna serê sala zayînî li hemû cîhanê tê peyrew kirin! Eve dikare cihê serhildan û gel û ola serhildanê jî bişêwirê? Eger îro misilman li hemû cîhanê cejna ji dayik bûna Pêxemberê îslam Mihemed kurê Ebdulla bi cejn digrin! gelo hun dikarin sal û cih û kesayetiya vê cejnê bidin bi hinek kes û gelên din.
**Rêzdaran**... We li derxistina vê biryara girîng ax û gelê vê cejnê ji bîr kiriye! ku axa wê "Kurdistan"e û gelê wê jî gelê "Kurd"e, diviya we dîroka gelê Newrozê bixwenda û serî li şikefta "Şaneder" bida, ew Şanedera ku lêkolînerê cihûwarnas "Solkî" dinivîse: Hemû şaristaniyetek ji dergehê vê şikeftê ve hatiye derve.
(Hemû pêşketin û şaristaniyeta mirovayetî! belê: "Mirovayetî" we pertûka "Mihd Elbeşriye" nexwendiye, an jî we xwendiye lê ji bîra we çûye!?
**Cejna "Zegmek - Newroz"** li serdestê bapîrên Sumeriyan serî hildaye û li cem Sumeriyan cejneke olî neteweyî buye û cara dawî "Zerdeşt Pêxember" vê rojê wate 1/Newroz û serê sal, ku heman serê sala Sumeriye dike bi cejneke olî û her wiha Sasanî jî vê cejnê dikin bi cejneke fermiya dewletê "Ol, vê qonaxê cejna Newroz hemû li Kurdistanê buye û Sumerî, Medî û Sasanî jî her hemû li gor dîrokê beşekin ji pêkhata neteweî û dîroka gelê Kurd.
**Rêzdaran**... Her çende ku niha gelek netewe û gelek welat jî cejna Newrozê pîroz radigrin, eve kareke asayiye, çawa gelek rojên pîrozbahî û cejna neteweî û navçeyî hene îro li ser asta cîhanê têne nasîn û pêşwazî lê dikin, lê belê yek ji wan cejnan wekî cejna Newroz nasnameya wê neveşartiye, veşartina wê jî ji aliyê kî ve? ji aliyê "Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî" her ji bo wê yekê bi navê zêdetirê çil milyon mirov, mirovên Kurdê bê dewlet! daxwaz ji we dikim û tika ji dikim demeke zû de vê biryara şaşa dîrokiya xwe rast bikin û lîjneyeke pîspor û şareza li dîroka Kurd û Newroz pêkbînin û zanistiyane û dadperwerane maf ji bo xwediyê maf vegerînin û nasnameya rasteqîneya "Newroz"ê eşkere bikin û bi cîhanê rabigihînin, ku ev cejn jêdera wê Kurdistane û dîroka wê zêdetirê ji deh hezar sal berî zayînê ve vedigerê û cejneke Neteweî ya gelê Kurde û li cejna jiyandina Temmûz û Eştar buye bi cejna Newroz û wate û navê wê guhertin li ser de hatiye, lê belê roja wê her heman roje, roja serê sala Sumerî jî û serê sala Kurdî ye.
**Rêzdaran**... Sala derbasbûyî 2009 li gel Newrozê me "Dr Mewlud Îbrahîm Hesen" lêkolînek bi navê "Newroz kengê dirust buye û yê çi neteweyeke?!" belav kir. Li vê lêkolînê da bi xwe girêdana raya lêkolînerên ne Kurd û belgeyên kevin û dîroka wê bi vî awayî derket holê ku cejna Newroz rîşeya wê jî Kurdistaniye û temena wê ji deh hezar sal zêdetire û rêwresma cejna zîndîbûna Temmûz û Eştare û roja wê jî her heman roja serê şale û destpêka bihare. Îsal jî careke din vê lêkolînê belav dikim û hewl didim bigihe destên we jî.
**Rêzdaran**... Em ji ber wê yekê dengê xwe bilind dikîn ku we cejna Newrozê bi gelê Faris ve girêdaye, eve her tenê beramber vî gelî bi deng nayîn, belku ji bo her neteyek jî bûya dîsa me heman helwest dibû, ji bo gelê "Faris" jî eve em bira û yek malîn bi xwîn û ax û dîrok ol ve wekî hevin, hinek dîroknivîs jî me her du neteweyan bi yek netewe zaniye, lê belê rastiya dîrokê gelek ji birayetiyê mezintire.
**Rêzdaran** ewê ku niha erkekî yasayî pîşeyî û zanistiye ewe ye ku, her çiqas ji zû ve vê daxwaza gelê Kurd bikolin û lêkolînerên Kurd û ne Kurd, pîsporên vî warî, bi warê "Dîroka Newroz"ê kom bikin û daxwaza lêkolîneke zanistî encameke zanistiyane bidin û hun jî vê Newrozê ji bo me tehl nekin! Çawa ku zêdetirê karesatên nexweş û diltezîniyên Kurd ji ber Newroz û biharê buye!!
Her wiha daxwaz "Ji Encûmena Niştimaniya Kurdistan" û "Hikûmeta Herêm"ê dikim, ku cejna Newroz û vê cîhanî kirinê bi girîngî hilbigrin û giringiyeke zêde pê bidin, ji ber ku em dikarîn cejna Newrozê bikîn bi helqeya pêwendiya di navbera hemû cîhan û hemû wan netewe û Hikûmet û dewletên ku cejna Newrozê pîroz dikin. Em dikarîn Kurdistanê bikin bi navendeke cîhanî ya Newrozê, çawa welatê Su'udiye navendeke îslamî ya tevahiya misilmanên cîhane, çawa ku Vatîkan navendeke Mesîhiyeta tevahiya Mesîhiyên cîhane, çawa ku Kerbela û Necef navendeke tevahiya ola Şî'e û Şî'e mezhebên cîhane, wiha jî Kurdistanê bikîn bi navendeke cîhanî ya Newroz û salane bi festîvalên hunerî û edebî û kûltûrî li gel van welatên ku cejna Newrozê pîroz dikin pêkve danûstandina tîpên hunerî û kultûrî û kesayetiyên rewşenbîrî û akademiyan bikin û pêwendiyeke dostane li gel van welatan û cîhanê dirust bikîn. Ji ber ku Newroz ji xwe cejneke siruştî û ciwanî û birayetiye.
Di dawiyê de daxwazên xwe ji bo "Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî" li van çend xalan da bi kurtî ronahî dikîn û dibêjîn bi fermî kirina cejna Newroz û bi cîhanî kirina vê rojê kareke pîroze, lê belê rast kirina şaşiyên dîrokî pêwîstiyeke zanistiye.
**Xal jî evin:**
1- Navê neteweya Kurd û Hikûmeta Herêmê bêxin nav Lîsta wan Hikûmet û dewletên ku daxwaza bi cîhanî kirina cejna Newrozê kirine.
2- Daxwaz Ji "Rêxistina Giştî ya Neteweyên Yekgirtî" dikîn girîngî bi wê yekê bide ku cejna Newroz li Kurdistanê serîhildaye û ji Kurdistanê jî bi dinyayê da belav buye û her tenê neteweya Kurd vê cejnê wekî cejneke neteweî ya pîroz radigrê.
3- Dîroka Newrozê zêdetirê ji 10 hezar sal berî zayînê ve vedigerê û cihê wê jî Kurdistane û ji destana Temmûz û Eştar ve vedigerê û roja 1/ê Newrozê sala nû ya Kurdî heman roja 11/ sala nû ya Sumeriyane û navê wê ji "Zegmek"ê Sumerî, ku dike serê sala nû û guheriye ji bo roja nû û – Newroz "Cejna Newroz"a Kurdî, her wiha bajarê Hewlêrê jî kevintirîn bajare û yekemîn bajare ku perestgeha Eştar li wir hatiye dirust kirin û xara dawî bi Eştar Erbîlla bi nav û dengê xwe derxistiye.
Hêvîdarim ev daxwazên neteweya Kurd, bi daxwazeke fermî qebûl bikin û bersîva fermî jî bidin û bîselmênin ku hun piştgîriyê li rastiya dîroka zanistiyê dikin û naxwazin mafê tu neteweyek ji bo neteweyeke din bi nerewa binpê bikin.
Her wiha li vir daxwaz ji navendên birêzên li jêr dikim, ku vê babetê bi girîng! gelek girîng bizanin û bê deng nebin û piştgîrî van daxwazan bikin û lîjneyan pêkbînin û bi duvdaçûnên berdewamî ji bo vê yekê bikin, da ku ev şaşiya dîrokî bête rast kirin û neteweya Kurd bi awayeke fermî û cîhanî bi cejn û dîroka rasteqîneya xwe şad bibe.
**Ji bo birêzên**
1- Serokayetiya Herêma Kurdistanê.
2- Parlemena Kurdistanê
3- Hikûmeta Herêma Kurdistanê
4- Wezareta Xwendina Bilind û Lêkolînên Zanistî
5- Wezareta Rewşenbîrî û Lawan
6- Navendên Akademî û Rewşenbîriyên Kurdistanê û Derveya Kurdistanê.
7- Dîroknivîs û Lêkolerên Pîspor û Şarezayên Kurd û Xeyrî Kurd.
8- Tevahiya Dezgehên Ragihandina Kurdî û Erebî û Farisî û Cîhaniyan.
"Binivîskî û bidîtin û bihîstin".
Bi hêviya piştgîriya hemû aliyek





مرۆ (١٢٣)

حەمید بەدرخان

# کورد و "UN"

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٩ لە یەکەم رۆژی نەورۆزدا، لەتەک مامۆستای بەڕێز و خەمخۆری نەتەوەی کورد د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، پاشکۆیەکی تایبەت بەو رۆژەو بە جەژنی نەورۆز بەنێوی "نەورۆزنامەی بەدرخان" لە هەفتەنامەی بەدرخان ژمارە ١١٤ی ٢٠٠٩/٣/٢٢ کەوتە بەر دیدی خوێنەران و لە ئاپۆڕەی ئاهەنگی نەورۆزدا لە شاری هەولێر بەنێو ئامادەبوانی کوردو بیانی دابەشکرا.

مخابن، پاش ساڵێک لە بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە مێژوونووسێک یا لێکۆڵیارێکی ئەو بوارە یا کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و یا راگەیاندنی کوردی کەم زۆر بەلای ئەو باسەدا نەچوون و خۆیان کرد بە کەڕەی شەربەت...

لێ مخابن لە ژمارەی ١٣٦ی بەدرخاندا لە لاپەڕە (٥)و هەر لەو گۆشەیەدا، باسی نەورۆزو UNم کردبوو، کە لەلایەن چەند وڵاتێکەوە "ئێران، تورکیا، ئەفغانستان، ئازەربایجان، تورکمانستان، قیرغستان، ئۆزبەگستان، کازاغستان و تاجیکستان" لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ یاداشتێک پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، کە جەژنی نەورۆز بکرێتە جەژنێکی جیهانی، لە دانیشتنی ٧١مینی ٢٣ی شوباتی ٢٠١٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پێشنیازە دەکاتە بڕیارو بەشێوەیەکی فەرمی رۆژی ٣/٢١ی هەموو ساڵێک دەکاتە پشوو بۆ هەموو جیهان و دنیای مرۆڤایەتی.

لێ مخابن میللەتی کورد سەدان ساڵە ئەو یادە پیرۆز دەکات و هیچ میللەتێکیش هێندەی کورد چیرۆک و ئەفسانەو نووسین و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەورۆز نەنووسیوە. بەڵام ئەوە بەچاوی خۆتان دەبینن، ئەو هەقە رەوایە لەژێر رەشماڵی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان زەفت دەکرێت.

نەورۆز چۆن جەژنی میللەتانی دیکەو جیهانە، یا نەورۆز جەژنی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئاواش کوردان شانازی پێوە دەکەن، چونکە لە کوردستان سەریهەڵداوەو لە کوردستانیش چۆتە شوێنەکانی دیکە..

بۆیە رووی دەممان دەکەینە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێیان دەڵێین: ئێوە چۆن ئێمەتان پاراست لە دڕندەترین رژێمی بەعس بە بڕیاری ژمارە"٦٨٨ و ٩٨٦" ئاواش لەپاش ئازادکردنی گەلی عێراق و کوردستان، دەتانەوێ بەشێوەیەکی دیکە بمان چەوسێننەوە بە بڕیاری دیکە، بەتایبەتی پشت تێکردن لە کورد سەبارەت بە نەورۆز بۆ میللەتێکی ٤٠ ملیۆن کەسی هەرگیز قبووڵ ناکرێت، چونکە کوردان لە هەر وڵاتێکی دیکەی دنیادا بژین، یادی نەورۆز هەر دەکەنەوەو زۆر شانازیشی پێوە دەکەن، بۆیە تکا دەکەین ئەو بڕیارە راست بکەنەوە.


نەورۆزنامەی بەدرخان

نەورۆزنامە (١) - هەفتەنامەی بەدرخان ژمارە (١١٤)ی ٢٠٠٩/٣/٢٢

# بەناوی تەواوی میللەتی کورد داوا لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، لە بەجیهانیکردنی جەژنی نەورۆزدا مافی ڕەواو مێژوویی میللەتی کورد پێشێل نەکرێت




بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا